نەجات روستی

# ژنێك تەڕتر لەباران

گۆشەنیگای ڕۆژنامەنووسی



چاپی یەکەم
سلێمانی

ژنێك تەڕتر لەباران

ژنێك تەڕتر لەباران



– نەجات مستەفا روستی
لەدایك بووی 1972
دەرچووی بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی
– دەرچووی بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی 2005 .
لەکاری رۆژنامەنوسیدا سەرنوسەروبەرێوەبەری نوسین وجێگری سەرنوسەر و بەرپرسی لاپەڕە بووە .
لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بابەتی بڵاوکردۆتەوە.
ئێستا مامۆستای بەشی رۆژنامەنوسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و سەرنوسەری گۆڤاری رۆژنامەوان

نەجات روستی

# ژنێك

# تەڕتر لە باران



نالین

گۆشە نیگای رۆژنامەنووسی

ئاوینەی ژیانی

ئەو ژنانەیە لەژیر سیبەری

چەتری ژیان بە ژانبوون

چاپی یەکەم ٢٠٠٨

- ژنێك تەڕتر لە باران
- بابەت:گۆشە نیگای رۆژنامەنووسی
- نووسینی: نەجات روستی
- کاری هونەری:خەندە کەمال عەبدوڵا
- هەڵەبڕ :ڤیان عومەر- نەوزاد سالح
- تیراژ:
- چاپ: چاپخانەی
- ژمارەی سپاردن(        )
- نرخ: ٢٥٠٠ دینار
- najatrosty@yahoo.com
-



# پێشکەشە:

بەوکەسەی بە هۆی ئەم گۆشەیەوە

ناسیم... بووە هەوێنی زۆریك لەم گۆشە چیرۆکانە....

هەرگیز لە یادم ناچی

# ناوەرۆك


- بەرایی
- سەفەر قەدەری ژنێك
- ئازادی خوێندنگا
- رۆژنامەنووسی وئازادی ژن
- مۆبایل ودڵنەوایی
- ژن وژین
- ژن وژنخوازی
- ژنێك تەڕترلە باران
- ژن سالاری
- ژن و ژن
- هەندەران وژن
- ژن و گومان
- ژن و پەرژین
- ژن وهەرزەكار
- دادگاوژن
- ژن وسواڵكردن
- ژن و شو
- ژن وزانكۆ





- خواستی ژن وپیاو
- ژن وتەنیایی
- ژن ودووری
- ژن و بەهار
- سێكس وخۆشەویستی ژن
- جوانی و ژن
- ژن و خیانەت
- پێكێك و ژن

# بەرایی

لەکاری ڕۆژنامەنووسی ژانەرەێك هەیە پێی ئەڵێن چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی شێوەیەکە لە نووسینی (وەسفی) کە زۆرترین جۆرەکانی (لێکۆڵینەوە ، ڕاپۆرت ، توانج ) لە خۆدەگرێت .

ئەو چیرۆکە ڕۆژنامەنووسیەی نووسەر بە شێوەیەکی زۆر بابەتیانە دەینووسێ هەست و سۆزی خوێنەر، دەبزوێنێ کاریگەی لەسەر دروست دەکات .

بابەتەکە بەشێوەی ڕووداوێك کە بەڕاستی ڕوویداوە دەیگێڕێتەوە ، خوێنەر دێر بە دێر ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی بگاتە کۆتایی .



چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی لە ئەدەبەوە نزیکە و نووسەر ڕستە ئەدەبیەکان بەکاردێنێت (بابەتەکانی ڕوانبێژی لە وەسف و خوازەوە ، وە شێوەی گێڕانەوەش بەکار دێنێ . ڕستەکانیش لە چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی دا پێویستە سادە و واتا داربێت و پێویستە بە شێوەیەك ڕیزی بکەین جۆرە گونجانێکی تێدا فەراهەم بێت.

ئەم چەند چرۆکەی کە لەچوارچیوەی ئەم کتیبە جێگایان بۆتەوە .زوربەیان لەسەر شێوەی هەرمی قوچەکی نووسراون.ووشەکان ئاوێتەی ئەدەب وزمانی ڕۆژنامەنووسین.

ئەم کتێبە کۆبەندی گۆشەی (نالین)ی هەفتەنامەی ژیانەوەیە.کە سەرجەم چیرۆکە ڕۆژنامەنووسیەکان باس لەژیان و بەسەرهاتی هەندی ژن دەکەن ، ژیانی ئەوانیش ڕەنگدانەوە ی ،زورێك لە ژنانی کوردستانە،بە ئومیدم بە ووشە وخستنەڕووی ئەم کێشانە خزمەتێکی بچوکم بە بزاڤی ژنان لە کوردستان کردبێ.

نەجات روستی

٢٠٠٨/١١/٥ سلیمانی

١

# سەفەر.. قەدەری ژنێك

بەرلەوەی یەکتر ببینین چەند جارێك داوای کرد بۆ ئەوەی لەبارەی چەند شتێکی تایبەت بەخۆی قسە بکات، حەزی دەکرد بیروبۆچوونی من بزانێ، چەند هەوڵم دا لە ڕێگەی تەلەفۆن پێم بڵێ ڕازی نەبوو، هەر سور بوو لەسەر بینینی من. ئێوارەیەکی درەنگ بەتەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم کە ئەو بەیانی دەیەوێ بمبینێ چونکە زۆر پێویستە دوابڕیار بدات.



ڕێکەوتین لەکاتی دیاریکراودا یەکتر ببینین، بەرلەوادەی دیاریکراو من لە شوێنی مەبەست چاوەڕێ بووم، هەر کچێکیش لەوێ گوزەری کردبا بە باشی سەرنجم دەدا. لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر نەمدیبوو، پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێك، لەپڕێکدا لە تەکسییەکە دابەزیو بەخەندەیەکەوە بەرەو ڕووم هات. دوای یەکتر بینین و هەواڵپرسین و گلەیی لەیەکتر کردن، کۆتایی بە قسەکانی هێناو بە چپە وتی خۆت دەزانی من دوای ئەوەی بەخواستیماڵەوەمان شووم بەو پیاوە ئەندازیارە کرد کە (٢٢) بیست و دووساڵ لەخۆم گەورەتر بوو، نەمتوانی ژیانی لەگەڵ بگوزەرێنم لەبەرئەوەی بە خواستی خۆم نەبووە، لەبەرخاتری ماڵەوەو بڕیارێکی هەرزەکارانەم دا. لەبەرئەوەش بڕیارم دا کە هاوڕێکانم هەموویان شوویان کردبوو هەر من مابوومەوە، وام هەست دەکرد کە لە کاروانی ژیان دواکەوتمو هەڵپەی ئەوەم بوو تا منیش بە هاوڕێیەکانم بڵێم کە شووم کردووە بە کوڕێك لە ئەوروپا و پۆزیان بەسەردا لێبدەم. دوای ئەوەی لە ڕێگەی ئەردەنەوە گەیشتمە بەریتانیا، لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی دەزگیرانەکەم دەکرد کە بێتە پێشوازیم، بەپێی ئەو نیشانانەی کە لە تەلەفۆنەکە پێی وتبووم پیاوێکی کامڵ بەرەو ڕووم هات، بەخێرهاتنی لێکردم. من یەکەمجار بوو ئەوم دەبینی، چونکە پێشتر بە وێنە بینی بووم، بەتەلەفۆن قسەمان کردبوو، لەگەڵ یەکەم نیگای بینینم، پەشیمانییەکی زۆر دایگرتم. وام هەست دەکرد کە خۆم بۆ خۆم دۆزەخم هەڵبژاردووە.

هەربۆیە هیچ دڵم بەو وڵاتە خۆش نەبوو، حەزم دەکرد هەر بەو فڕۆکەیەی پێی هاتووم، بگەڕێمەوە. بەڵام تازە سەرێکەو هێناومە، بزانم بەرەو کوێ ڕاپێچ دەبم.!

دوای ئەوەی بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ شوقەکەی، کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر. بۆم دەرکەوت کە منو ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر لەیەکتر دوورین، بۆیە بڕیارم دا کە بە هیچ شێوەیەك نەهێڵم لێم نزیك بێتەوە. هەرچەندە هەوڵی دا کە کۆتایی بەهەموو شتێك بهێنێ، بمکاتە ژنی خۆی، بەڵام ڕازی نەبووم. نەمهێشت لێم نزیك ببێتەوە. تا (١٠) ڕۆژ هەربۆیە لێم توڕە بوو، ناچار بوو کە کارە پێویستەکانی گەڕانەوەم بۆ بکاتو گەڕامەوە بۆ کوردستان. دوای گەڕانەوەم تەڵاقنامەکەی بۆ ناردمەوە.

ئێستا جارێکیتر دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ بەریتانیا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نامەوێ کە ماڵەوەمان بزانن، هەرخۆم بە تەنیا دەڕۆمو سەری خۆم هەڵدەگرم، چونکە زۆر بێزارم لەم ژیانە.. ڕێگاچارەشم تەنها ڕۆیشتنە.

وامزانی دەگەڕێتەوە بۆ لای کۆنە دەزگیرانەکەی، بۆیە نەمویست بچمە ناو ژیانی تایبەتییەوە... دواجار پێی وتم: "تۆ تێڕوانینت چییە؟. بەڵام بەرلەوەی وەڵامم بدەیتەوە دەمەوێ بڵێم من بۆ لای ئەو پیاوە، بە هیچ شێوەیەك ناگەڕێمەوە تەنها مەبەستم ئەوەیە کە بڕۆم لەم ژیانە تەنیاییە ڕزگارم بێت... جارێکیتر ناگەڕێمەوە."



هاوڕێ گیان: "ئەوەی تۆ دەیڵێی زۆر ئەستەمە، چونکە دڵنیام لە فڕۆکەخانە ڕێگات پێنادەن بە تەنیا بڕۆی.. هەردەبێ کەسوکارت ئاگادار بکەیتەوە".

بەڵام ئەو سور بوو لەسەر قسەی خۆی... دوابڕیاری بوو... بۆیە منیش بۆچوونی خۆم دەرنابڕمو بۆ ئێوەی جێدەهێڵم.

٢

# ئازادی خوێندنگا

"ئۆخەی جارێکیتر دەرگای ئازادیم لێکرایەوەو لە بەیانییەوە تێر دەبم لەو هەموو ژیانە خۆشەی کە بە ئارەزووی خۆمان هاتوچۆو گفتوگۆ لەگەڵدەوروبەرەکەمان دەکەین، ئەوەی لە ناخماندایە بۆ هاوڕێکانمان هەڵیدەڕیژین."

ئەمە چەند قسەیەکی کچێکی خوێندکارە کە بەر لە دەستپێکردنەوەی خوێندنگا بە مۆبایل پێی وتم. ئەو چەند پەیڤە خۆی دونیایەکە لە ناخی مرۆڤێك کە دەیەوێ سادەترین مافی ژیانی پیادە بکات. ئەگەر لایەنە سایکۆلۆژییەکەی ئەم مرۆڤەو هاوچەشنەکانی بخوێنینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چواردیواری ماڵ زیندانێکەو دایكو براو باوك ئەو پاسەوانانەن کە هەمیشە



بەدیار زیندانییەکانەوەن‌و چاویان بڕیوەتە هەڵسوکەوت‌و هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ حەز بە ئەنجامدانی دەکات.

قسەی ئەم کچە کە گوزارشتە لە هەزاران کیژی چاوکەژاڵی ئەم وڵاتە، کەسێکە خودی خۆی لەو کێشانەدا دەژی‌و ژیانی ئەویش ڕەنگدانەوەی ناخی سەدان‌و هەزارانیترە.

کردنەوەی خوێندنگا، ئازادبوونی هەزاران کچە خوێندکارە کە لە چواردیواری ماڵدا ماوەی سێ مانگە ژیان دەگوزەرێنێت. دڵنیام سەدان‌و هەزاران کچ لەو ساتەوەیساڵی خوێندن کۆتایی دێت، نەیانتوانیوە بە ئارەزووی خۆیان هاتوچۆی دەرەوەو هەواڵپرسینی هاوڕێکانیان بکەن، ئەوکاتەی ئەو پەیڤانەی سەرەوەی پێوتم، باسی لە چەندین هاوڕێیەکی کرد کە لە ماوەی سێ مانگی پشووی خوێندندا، هەواڵیان نازانێ. تەنانەت نەیتوانیوە بە تەلەفۆنیش پەیوەندیان پێوە بکات، بۆیە زۆر خۆشحاڵ بوو کە لە ماڵ ئازاد دەکرێت‌و لەبواری کارکردنیش ببێتە ڕۆژنامەنوس، چونکە چەندین بیرۆکەی جوان لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو و حەزی دەکرد ببێتە ڕۆژنامەنوس، چونکە هەرئەو بوارە هێندە جورئەت بە مرۆڤ دەدات کە باس لە شتە بڤەو قەدەغەکراوەکانی دۆزی ژنانیش بکرێت.

ئەو پێی وابوو دەبێ ڕۆژانێك بێتەدی کە دوور لە چاوی براو باوك‌و ئەوانیتر، بتوانێ بچێتە چەندین کۆڕی ڕۆشنبیری‌و شایی‌و ڕەشبەڵەك‌و ئازادانە باس لە کێشەو گرفتەکانیشی بکات. ئەمەش ئومێدێکە کە پێویستی بە هەوڵی ئێستایەو وەڵامەکەشی لای ئایندەیە.

٣

# رۆژنامەنووسی ئازادی ژن

بەرلەدەستپێکردنی وانە، مشتومڕێکی بەردەوام لە نێوان ئەو چوار کچەدا هەبوو کە لە سوچی هۆڵەکەوە لە بەرامبەر یەکتر وەستا بوون، هەمیشە دەیانوت کە "دایکیان زۆر پێیاناخۆشە کە ناوی لە بەشی رۆژنامەنوسی هاتۆتەوە، حەز ناکات لێرە دەوام بکەم، هەرچەندە حەز بەکاری رۆژنامەنوسی دەکەم، بەڵام ئەو کچانەی لە بواری راگەیاندن کار دەکەن ئازادییەکی تەواویان هەیە، چونکە بە هۆی کارەکەیانەوە دەچنە دەرەوەو هەموو سوچێکی ئەم شارە دەگەڕێن‌و زۆرجاریش دەرەوەی شارو تەنانەت وڵاتانی دنیاش دەگەڕێن". ئەم تێڕوانینەی دایکان لەگەڵ خودی حەزی کچەکاندا جیاواز بوو،



چونکە کچەش لەناخی خۆیدا دەیوت چ لەوە خۆشتر هەیە کە خۆت بڕیاردەری ژیانی رۆژانەو تەنانەت داهاتووش بیت، ئەوانەی ئەو کارە دەکەن لە ناو خەڵکیدا ناوبانگی باش دەردەکەن‌و دەبنە کەسێتییەکی مەعنەوی، بەچاوی رێزەوە تێیاندەنۆڕن. چەندە خۆشەبلێت ئەو کچە بێژەرەکەی تەلەفزیۆنە یاخود بڵێن رۆژنامەنوسەکەی فلان رۆژنامەیە، لە دونیا لەوە خۆشتر هەیە کە تێکەڵاوی ئەو خەڵکانە بیت کە کێشەی بەردەوامیان هەیەو بوونەتە سوتەمەنی داب‌ونەریتە کۆنەکانی کوردەواری‌و تۆ دەتوانی ببیتە گەیەنەری کێشەکانیان تاوەکو نەوەکانی ئێستا پەندی لێوەربگرن، پێموایە گەورەترین خزمەت بە مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵگاکەی خۆت دەکەیت، چونکە هەست دەکەیت تۆ بویتە هەوێنی ناڵینی تاکەکانی کۆمەڵگا.

ئەو چەند پەیڤەی سەرەوە، وتەی کچێکی تازەوەرگیراوی بەشی رۆژنامەنوسییە کە لەگەڵ هاوڕێکانی دەیکرد، هەرچەندە ئەوانیتر لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی هاوڕا نەبوون، چونکە ئەوانیتر پێیانوابوو کە پیشەی مامۆستا گونجاوترین کارە بۆ کچان لەبەرئەوەی لە ساڵێکدا (٣) مانگ لەماڵەوە پشوو دەبیت. دایکیشیان زۆر دڵیان پێیانخۆش دەبێ.

ئەم چەند وتەیەی کە باسی لێوەکرا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کچان لەبەرئەوەی باوەڕیان بەخۆیان نییەو هەمیشە ئەوووتانەی دایکیان وەك پیرۆز سەیر دەکەن کە نابێ لێی لابدەن، هەموو خواستەکان بۆ ئەوان خواستی کچەکانیش بۆ ئاسمان.

٤

# مۆبایل و دڵنەوایی

تەنیایی هەموو ژیانی داگیرکردووم، ڕۆژانە لە چواردیواری ئەم ماڵەدا ڕۆژگار بەسەردەبەم، ئیرەیی بەو کچانە دەبەم کە ڕۆژانە دەچن بۆ دەوامی دامودەزگاکان یان بە ئازادی دەچنە دەرەوە، چی بکەم ژیانم وا دروست بووە کە خاوەنی باوكوبرایەکی هەمیشە بەگومان بم، هەر ئەوان بۆیان هەیە بە کامەرانی بژین. ئەی ئێمە چین؟ خۆزگە بمتوانیایە شۆڕشێکی ژنانەی گەورەم لە دژی ئەو پیاوانە کردبا کە وابیردەکەنەوە.

من هەموو ژیانم بەتەنیایی دەبەمەسەرو هەمیشە گۆشەگیرم، تەنها هاوڕێم ئەو مۆبایلەیە کە بە دزی باوكو براکانم هەمە. ئەو کاتانەی



کە تەنیام بەهۆی ئەو مۆبایلەوە، تۆزێ لە خەموخەفەتو تەنیایی ڕزگارم دەکات. هەرچەندە دەزانم مۆبایل هیچ لە ژیانم ناگۆڕێ، بەڵام سێبوری دڵم دەدات. ئێستا چەندین هاوڕێم هەیە کە تەنها لەڕێگای مۆبایلەوە دەیانناسمو شێوەم نەبینیون، بەڵام زۆرم خۆش دەوێن چونکە زۆرجار دڵنەوایم دەدەنەوە، هەمیشە دەڵێن لەبەرامبەر ژیانت خۆڕاگربە، دڵنیابە ئەم ژیانەی تۆش بەمشێوەیە کۆتایی دێت، زۆربەی ئەو کاتانەی کە لەگەڵ هاوڕێکانم قسە دەکەم، ئەو کاتانەیە کە کەسمان لە ماڵەوە نییە، هەرچەندە دایکم دەزانێ کە مۆبایلم هەیە، بەڵام نە براکانم نە باوکم نازانن. دڵنیام بزانن بە هیچ شێوەیەك ناهێڵن بەکاری بهێنم. دەڵێن مۆبایل شتێکی خراپە بە تایبەتی بۆ کچ، زۆر دڵم بە قسەی هەندێ لە هاوڕێکانم خۆشە کە دەڵێن دڵنیابە هەر تۆ وانیت.

سەدانو هەزاران کچی ئەم وڵاتە هاوشێوەی تۆن، ڕۆژێ دادێ ئێوەش وەك ژنانی ئازاد بژین، چونکە ساڵانێکی زۆر بوو عەقڵییەتی باوکسالاریی زاڵ بوو بەسەر هەموو کوڕەکانیاندا. تەنانەت هاوبەشی ژیانیان بە ئارەزووی خۆیان دەستنیشان نەکردوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕانو کرانەوەی کۆمەڵگاو سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای تازە بە ناچاریی دەبێ ئەو عەقڵییەتە بگۆڕن. چونکە پێشکەوتنەکان ئەوەندە خێران کە هیچ کەسێك ناتوانێ ببێتە لەمپەرێکی هەمیشەیی.

ئەمەو چەندین قسەیتر ڕازی هەزاران کچی ئەم وڵاتەیە کە تەنها هاوڕێی ڕۆژانەی ئامێرێکی ساردوسڕی مۆبایلە کە لەم سەردەمەی ئینتەرنێتو کۆمپیوتەردا بە دوور لە باوكو براکانی بەکاریبهێنێت.

# ٥

# ژین و ژن

به دەنگێکی نزمەوە لەبەر خۆیەوە چەند جارێك دووبارەی دەکردەوە خوایە ئەمە کەی ژیانە، ئیتر لێرەوە کۆتایی بە ژیانم بهێنەو با ڕزگارم بێت لەم دۆزەخەی کە رۆژانە چەندینجار دەسوتێم، ژنەکەی لە تەنیشتی ، بەسەرسامییەوە تێیدەڕوانی، دیار بوو قسەکانی سەرنجی ڕاکێشاو ویستی درێژە بە وتەکانی بدات، ڕووی تێکرد:ژیانی ئێمەش لە ئێوە باشتر نییە. لەگەڵ بیستنی ئەم چەند قسەیە ژنەکە ئاورێکی دایەوە لە روخساری دونیایەك لە خەم بەدی دەکرا ، ویستی ناخی دڵی خۆی بۆ هەڵبڕێژێت ببێتە فریاد رەس بۆی، بە فرمێسکە قەتیس ماوەکانی درێژەی بە بەسەرهاتەکەی دا، لە تەمەنی خوار هەژدە ساڵییەوە من دراوم بە شوو بەبێ ئەوەی



ڕەزامەندی خۆمی لەسەر بێت، دراوم بە ژن بۆ مامم، چوار منداڵم هەیە ماوەی زیاترە لە (٢٠) ساڵ ژیان لەگەڵ پیاوەکەم بەسەر دەبەم هەرچۆنێك بێت خۆم گونجاندووە، هەموو خواستو خۆشییەکانی خۆمم لە پێناو منداڵەکانم وەلاوەناوە، بەڵام ناوە ناوە کێشەم بۆ دروست دەبێ، ژنی مامم دەتۆرێو داواش لە من دەکەن کە منداڵەکانم بەجێبهێڵمو بگەڕێمەوە ماڵی باوکم. لە ماوەی ژیانی هاوسەرێتیمدا ڕەنگە زیاتر لە (٢٠) بیست جار منداڵەکانم جێهێشتبێت بۆ ئەوەی ژنی مامم بگەڕێتەوە بۆ لای مامم. هەرچەندە ئەو بە ئارەزووی خۆی شوی بە مامم کردووە، بەڵام من تا ئەو رۆژەی بوو بە هاوسەرم نەمبینیبوو، تەمەنیشی (١٥) ساڵ لە من گەورەترە، هەرچۆنێك بێت لەگەڵ منداڵەکانم ئاسودەم، هەرچەند پیاوەکەم لەڕووی عەقڵەوە تەواو نییە، ئەم ناتەواوییەش لە ناو خێزانەکەیاندا نەخۆشییەکی بۆماوەییەو کە تەمەنیان گەیشتە (٥٠) ساڵ، کەم عەقڵ دەبن. زۆربەشیان لەنێوان (٥٠–٦٠) ساڵی کۆتایی بە ژیانیان دێت ،دە ساڵە من ژیان لەگەڵ پیاوێکی کەم عەقڵ بەسەردەبەم. هەموو ئومێدم منداڵەکانمە، ژیانی من زۆر لەمێژە کۆتایی هاتووە، تەنها چەند ساتێك بۆ خۆشی ژیانی خۆم ناژیم. پیاوەکەشم رۆژ بە رۆژ ناتەواوییەکەی زیاتر دەبێت. لەوە دەترسم رۆژێك لە رۆژان بکەوێتەسەر شەقامو کەسمان نەناسێتەوە. ئەمە کێشەییەکە رەنگە چەندین ژنی وەڵاتەکەم بەم کێشانەو دەیان کێشەی تری لەم جۆرە بناڵێنن چارەکردنیشی ماوەیەکی زۆری گەرەکە تابتوانیین .ژیان وەك خۆیببینین ژانەکان بن بەژین.

## ٦

# ژن و ژنخوازی

هەموو شتێك كۆتایی هاتبوو، دەمەوو ئێوارە بوو كۆمەڵێ پیاوی سەر بە جامانە خۆیان كردبە ماڵەوەمان ،ئەو رۆژە جیابوو لە رۆژانی تر ، هاتنەكەیان بەلامەوە ئاسایی نەبو ،دایكم لێم نزیك بوو بە هێمنی لە بەر گوێچكەمی چرپاند .. بەختت كراوەتەوە برۆدەستێ بە خۆتابێنە با بەر چاو بیت، تێگەیشتم ،كە دەبم بە بوك بەلاَم نەم دەزانی زاوا كییە .. ویستم زیاتر تێبگەم بە دایكمم ووت چی بكەم بۆچی هەر چیەك بكەم هەروادەبم. بە دەنگێكی بەرزتر با بەرچاو بیت ،چەندین كچ لە ماڵە باوكیان قژی رەشیان سپی كرد كەسێك



نەهاتە داوایان بۆ هار نابیت، ئەمانە بۆ داخوازی تۆ هاتوون .. نەكەی بڵێ رازینابم كاكت دەتكوژێ ....ها...هاااااا . پاش ماوەیەك براكەم هاتە ژوەرەوە و پێی وتم وەرە ئاو بێنە بۆ میوانەكان خێرا..

ماوەیەك خۆم دوا خست بۆ ئەوەی لە بیری بچێتەوە دیسان هاتە ژورەوە بە تورەییە وە : پێم ووتی ئاو بێنە دەی خێرا كە بە ناچاری سینیەك ئاوم خستە سەر دەستم بە شەرمێكی زۆرەوە خۆم كرد بە ژوری میوانەكان ، سەرم داخست سینیەكەم لە ناوەراست ژورەكە دانا،لە شەرمان هەموو گیانم دەلەرزی ، هەموو ئەو پیاوانەی لەوێ بون زەقا و زەق سەیریان دەكردم نەم دەزانی كامە دەبێتە هاوسەرم گومانم لە هەموویان دەكرد. زو لە مەبەستی براكەم گەیشتم كە مەبەستی تەنها ئەوە بو كە پیاوەكان بم بینن دڵنیام ئەوەی بو بە هاوسەرم ئەو رۆژە منی بینیوە. كە هاتمە دەرەوە خێرا خۆم كرد بە ژوری دواوە بە هەناسە سواری،دایكم بە تورەبونێكی ناشرینەوەوە پێی وتم ئەوە چییە ، مرۆۋ خۆر نیین لە چی دەترسی؟

دوای چوار رۆژ جارێكی تر كۆمەڵێ ژن و پیاو بە شەوق و زەوقێكی زۆرەوە هاتنە ماڵەوە ، ماوەیەك بە سەر هاتنەكەیان تێپەری هەندێ لە ژنەكان هاتن بۆ لام پیرۆزبایان لێكردم ، دوای كورێك هاتە ژورەوە و ژنەكان تلللللللللللیان لێدا،چونە دەرەوە كورەكە ئەیویست قسە بكات ، خێرا رامكردە دەرەوە و دەرگایان لێگرتم نەیانهێشت برۆم .دواتر براكەم وكەسێكی تر هاتنە ژوەرەوە براكەم وتی ئەو پیاوە چی دەڵێ لە دوای بڵێرەوە . هەموو گیانم دەلەرزی نازانم لە

ترسان بو یان شەرم .. . من فلاَن کەسم کاکم فلان کردە وەکیلی خۆم، دواتر ئەوان ڕۆیشتن دایکە خۆی کرد بە ژوریٚ بە دەنگێکی بەرزەوە خوایە زۆر شوکر ئەوەشیان دەچێتە ماڵی خۆی. براکەم چووە دەرەوە ماوەیەکی پێچوو، دواى گوێم لە تلللللللی دووو ژن بوو شەکراویان دابەش کرد.



۷

# ژنێك تەڕتر لە باران

زور بە تامەزرۆوە باسی لە کوڕە تاقانەکەی دەکرد،بینینی بە ئاواتێکی لە مێژینەوە دەخواست ،بە بینیی هاورێکەشی شادمانی دەربڕی کە لە چاوی ئەوەوە کوڕکەی دەبینی.دڵ وچاوی روون بۆتەوە چەند جارێك دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە دە پاڕایەوە کە هەمیشە لە خۆشی و شادی دابێت و بێوەی بێت. بەهاوڕێکەی دەوت :ئاگات لە (ئارم )ی کوڕم بێت ،چونکە تەمەنی بچوکە ...دواتر

لە ژوری دوواوە ئەلبومێکی هێنا چەند لاپەڕێکی هەڵدایەوە ،دەستی خستەسەر وێنەیەکی کۆن ،کە مناڵێك و ژنێکی دەم وچاو پان و باڵابەرزی تیدا بەدی دەکرا،وێنەی کوڕەکەی نیشاندام ،کە هیی پانزە ساڵ لە مەوبەر بوو ،خیرا پرسیاری ژنەکەم لێکرد وام زانی خۆیەتی، ئەو بە هەناسەیەکی قوڵەوە قوڕگی پڕبوو لە گریان:ئەوە رەحمەتی کچی خوشکەکەمە نزیکەی ١٠ ساڵ دەبێت ماڵئاوایی لێکردوین ،ئەوە بە تەمەنی بچوکەوە چووە ژێر گڵ ، غەدرێکی گەورەیان لێکرد.... قسەکانی وەك بروسکەیەك دای لە ناخم .درێژەی بە ووتەکانیدا: یانزە ساڵ لە مەو بەر ئەو کچە خوشکەم دڵی بە مامۆستایەکەوە بوو کە لە لادێکەی ئەوان بوو . ئەویش زۆردڵی بەوەوە بوو، چەندین جار هاتە داوای . بە بیانووی ئەوەی کە بەمنداڵی لە ئامۆزایەکی خۆی مارە بڕابوو ، نەیان ئەدایە، ماموستاکە زۆر هەوڵیدا بێسود بوو .ئامۆزایەکەی دەستبەردارینەدەبوو، هەر چەندە ئامۆزایەکەی پانزە ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو ،دواتر ماموستا کەلە ژێر فشاری خانەوادەکەی لادێکەی جێهێشت گەڕاییەوە شار، دوای سێ هەفتە کچەکەیان بۆ ئامۆزاکەی گواسترایەوە ،شەوی یەکەم نەبوو بە زاوا شەوی دواتر بۆ کڕینەوەی ئابڕوی پیاوەتی، بە بیانوی ئەوەی کچ نییە لە بەرە بەیانی ئەو شەوە بە رێژنەیەك گولە کۆتاییان بە ژیانی هێنا... لە دەم چەمێك تەرمەکەیان فڕێدا ، دوای دوو رۆژ پۆلیس پێیزانی و زوربەی بنەماڵەکەیان دەزگیر کرد ، تەرمی کچەکەشیان برد بۆ پشکنین ، رۆژی دواتر ئەنجامەکەی



وادەرکەوت کە ئەو غەدرلێکراوە هەر کچ بووە، لەشی لە شێوەی مەتاتی بووە ، بە گوتەی دکتۆر کە زۆرێك لە ژنان و کچان وان.

ئەو پیاوەش بۆ ئەوەی پیاوەتی خۆی بسەلمێنێ کۆتایی بە ژیانی پەپولەیەکی بێگە د تر لە گولێ هێنا.

## ٨

# ژنسالاری

بەشەرمەوە چاوەکانی هەڵهێنا ، بە ئاهێکی ساردەوە سەیرێکی کردم، لە روخساری نور دەباری ئەوەنەدە پاك و بێگەرد بوو ، بە نەرمەوە لێوەکانی هەڵدەهێنا ئەیویست ئەوەی لە ناخی دایە بیڵیٚ .بەلاٚم شەرم ڕێگەی نە ئەدا ،پاش کەمێك خامۆشی و بێدەنگی چاوی پر لە ئاو بون و بە سۆزێکی زۆرەوە ئاهێکی هەڵکێشاو لێوەکانی گرژ بوون دەیویست پەردەی شەرم لابداو قسە بکات، خۆی بۆ نەگیرا کەوتە ئاخافتن :لە منالٚییەوە من لە ژیانێکی تایبەتی



ژیاوم بە بیرم نایە رۆژێك وەك مرۆڤێکی ئاسایی خوشی ژیانم چەشتبیٚ و هەمیشە داماو، نیگەران بووم، لە سالانی دوای توشی نەخۆشی خەمۆکیش بووم، دایکم هەمیشە وەك چاودێرێك بەردەوام بەسەرمەوەیە و هەرگیز نازانی قسەی خۆشمان لە گەڵ بکات ، لە وەتەی لەبیرمە بە گومانە لێم ، هەرگیز قسەی خۆشی لە گەڵ نەکردووم بەردەوام بەشێوەی ئەمر هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکاتە زمانی دیالۆگ نازانیٚ ، هیچ سۆزێکی دایکانەی لە دڵ دانییە ، زۆر جار پێی دەلێم من تازە گەورەبوم خوێندنم تەواو کردووە هەست بە هەموو شتێك دەکەم پێویست ناکات بەم زمانە قسەم لە گەڵ بکەی ، بەسەرما ئەقیژێنی و دەڵیٚ تۆچی دەزانی ، هەرگیز قسەکانم وەرناگریٚ حەز ناکات قسە لە قسەی ئەوبکەم هەردەبیٚ خۆی هەموو بڕیارێك بدات و بەسەرم بسەپێنیٚ ، شەوان لە مالٚەوە کە سەیری تەلەفزیۆن دەکەم ،گۆرانی بێت یان فیلم یەکسەر دێت کەنالٚەکە دەگۆریٚ یان دەیکوژێنێتەوە،دەڵیٚ خەرابە سەیری مەکە، شەوانیش هەر کاتیٚ خۆی بخەویٚ دەبیت ئێمەش بخەوین هەر چەند زوش بێت جاری واهەیە هەر مەغریبان دەبیٚ بخەوین، بەکارهێنانی مۆبایل هەر کفرە لەمالٚەوە هەرکاتێك زەنگێکم بۆ بێت هەزار و یەك پرسیار دەکات .کیٚ بو ،چی دەویست، بۆچی کردی، لە کوێیە؟..... هتد . لە لایەکی ترەوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم هاوڕێکانم ببەمە مالٚەوە لە بەر چاوی ئەوان دەمشکێنێتەوە،بەرێزە وە هەڵسە کەوت لەگەڵ میوانانی من وخوشکەکانم ناکات،دواتریش دەکەوێتە پرسیاری بێسەروبەر، دوای کە رۆیشتن پێم دەڵی رازینیم جاریتر هیچ کەسێك

بێنیتەوە ماڵەوە نابێ بچیتە هیچماڵێکیش. هەر چەندە دایکم بە تەمەنە ، زۆر بەقسەی دەکەم هە رکارێ ئەو پێی ناخۆش بێت هەوڵ ئەدەم نەی کەم ، بەڵام هەندێ جار گوێی لێناگرم چونکە بەراستی لە ژیانی خۆم بێزارم ، جگە لەوەش دایکم کاریگەری هەیە بە سەر هەموو ئەندامانی ماڵەوەمان تە نانەت براکانم ماڵی خۆیانە و چەندین سالە ژنیان هێناوە، هەمان بیرکردنەوەی دایکمیان هەیە. باوکم ،براکانم ، خوشکەکانم ، تەنانەت خزمە نزیکەکانیشمان . ئەوەنەبێت هەربۆمن وابێت بۆخوشکەکانی تریشم واییە ،ئەمەوێ

لە م ژیانە رزگارم بێت بچمە ماڵی خۆم بەڵام لەوەش دایکم مەرجی هەیە دەڵێ دەبێت ئەوەی شوی پێدەکەی خزمی خۆمان بێت خەڵکی ئەم شارە ولە بنە ماڵەی خۆمان دەرنەچێ. ژنانی دونیا بە دەست پیاوان دەچەوسێنەوە بەڵام من بەدەست ژنێك کە دایکمە چەوساومەتەوە.



## ٩

# ژن و ژن

بە خەندەیەکی شیرینەوە بەرامبەرم وەستا ،دەستی بەرزکردەوە بۆکاژێرەکەی وەك بڵێی ماوەیەکی کەمی لە بەردەمدا مابێ ،داوام لێکرد کە بچینە کافتریاکەوە لەوێ درێژە بە قسەکانمان بدەین، بە بزەیەکی لێوی کە شەکری لێ ئەباری بەرەو کافتریاکە کەوتینە ڕێ ئەو لە ڕێگا زۆر چووست و چالاك بوو ئەیووت خۆشیم نایەت بەو کەسانەی خاوخلیچکن بەدەم قسەکردنەوە گەیشتین لە کورسیەکەی

بەرامبەرم دانیشت چاوەکانی بەرز کردەوە وەك بڵێی بە نیاز بێت قسەیەك بڵێت نەیدەزانی چۆن دەست پێبکات و لە کوێوە سەرە داوەکەی بگرێ و بچێتە ناو باسەکەیەوە..... پاش بێدەنگیەك کە سەراپایی کافتریاکەی گرتەوە منیش بێدەنگ ...... ئەویش بێدەنگ....... نازانم لە کوێوە بچمە ناو باسەکەوە هەرچەندە بەسەر هات زۆرە کامەیانت بۆ باس بکەم؟ بەدەم خەندەیەکی خۆشیەوە....

ئەو بەسەر هاتەی کە زۆر کاری تێکردوویت و هەرگیز لە بیر ناچێتەوە،قەڵەمەکەی بەردەمی هەڵگرتوو چەند هێڵێکی لەسەر کاغەزە سپیەکەی بەردەمی کێشاوو کەوتە ئاخافتن: لە سەرەتاکانی ژیانی زانکۆم ئەوەندە تێکەڵی دەورووبەرەکەم نە دەبووم تەنها چەند کەسێك نەبێت کە نزیك بوون لێم وەك هەموو کچێك زۆر بوون ئەوانەی هەوڵیان ئەدا لێم نزیك بنەوە بەڵام هەمیشە خۆم دەپاراست،ژیان بەردەوام بوو...... تا کەسێکم لە رێگە هاوڕێیەکم لە دەرەوەی وولاتەوە ناسی کە هەواڵی  ئەوی پێئەگەیاندم هاوڕێیەتیم لەگەڵ دا پەیدا کرد بەڵام من بێمەرام بووم بەرامبەری ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆی ماوەیەکی زۆرنەم بینی  تا لە قوناغی دووەم بووم، ڕۆژێك بە ڕێکەوت ئەو کەسەم بینیەوە هەواڵ پرسی گلەیی وگازندەی ئەو ماوەیەی کە لەیەك دابڕابووین پاشان پێی ووتم حەز ئەکەم بت بینم و دەربارەی شتێك قسەت لەگەڵ بکەم منیش ووتم بە هیوای یەکتر بینینەوە بەجێم هێشت ...... بە درێژای بیرم لە قسەیەی دەکردەوە دەبێت ئیشی بە من چیبێت دوای چەند ڕۆژێك لە هەمان شوێندا ڕۆشتمەوە بینیمەوە قسەمانکردەوە وەك دوو هاوڕێ بەبێ



هیچ پێشەکیەك وتی خۆشم ئەوێیت من بەلامەوە سەیر بوو قسەکەی نەم توانی هیچ وەڵامێ بدەمەوە ووتم ئەبێت بڕۆم کاتم کەمەو ئیشم هەیە ووتی باشە بەس چاوەڕێی وەڵامتم چەند ڕۆژێکی بەسەرا تێپەڕی وەڵامم دایەوە بە ڕازی بوون ئیدی ژیان لێرەوە ڕەنگێکی تری پۆشی سات دوای سات تا دەهات زیاتر لە یەکتر نزیك دەبووینەوەو دیدو بۆچوونەکانمان ئاڵوگۆڕ دەکرد خۆشەویستیەکی بێ وێنە لە نێوانماندا دروست بوو کە هەندێك لەو هاوڕێیانەم کە ئاگاداری پەیوەندیەکەمان بوون ئیرەیان پێ دەبردم سەرەڕای ئەوەی کە یەکترمان زۆر خۆش دەویست بەڵام ئەو هەموو کات بەگومان بوولێم ڕۆژ بە ڕۆژ هەستم دەکرد کە دڵپیسیم لێ دەکات هەمیشە هەوڵی ئەدا ئەو ساتانەی کە بەیەکەوە بووین سەیری مۆبایلەکەم بکات هەر کاتێك زەنگم بۆ دەکرا لێی دەپرسیم ئەوە کێ بوو چی دەویست چۆنی دەناسیت ئەمەو چەندین پرسیاری تر .....

ژیان بەردەوام بوو هەندێ جار ساردی ئەکەوتە بەینمانەوە بەڵام زۆری نە ئەخایاند ئاشت ئەبووینەوە........

ڕۆژێکیان لە زانکۆ بووم سەرقاڵی ئیشوو کاری خۆم بووم هاوڕێیەکم بانگی کردم ووتی ئەو کچە بۆ تۆ دەگەڕێت من کچەکەم نەناسی ووتم فەرموو چی بەمن ئەکرێت بۆت بکەم

ووتی من برایەکم هەیە تۆی لە زانکۆ بینیوەو ئەیەوێت ژیانی هاوسەریت لەگەڵ دا دروست بکات بۆیە ئەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات کاتێکمان دیاری کرد لە نزیك زانکۆ بە یەکەوە براکەیم پێ بناسێنێت هەرچەندە من پەیوەندی  خۆشەویستم هەبوو نەم ئەتوانی ڕازی ببم

بەڵام حەزم نەکرد دڵی کچەکە بشکێنم لە شەقامی سەرەکی لەگەڵ کچەکە وەستابووین ئەو کوڕەی کە پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو بە ئوتومبێلەکەی گەیشتە بەردەممان هەستم کرد کە ئەمە پیلانی خۆیەتی داوای لێکردین سەرکەوین هەرچەندە من ووتم ئیشم هەیە خۆی توڕکرد .... سەرکەون بە ناچاری سەرکەوتین لەناو سەیارەکەیا بە کچەکەی ووت ئەمە دەزگیرانمەو پەیوەندی خۆشەویستیمان هەیە ممنیش حەزم نەکرد کەسێکی بێگانە بەوەو بزانێت ووتم نەخێر وانیە باش ئەوە کچەکە داوای کرد دایبەزێنین داوای ئەو بوو بەدەنگە دەنگێکی زۆرمان عاجزیەك کەوتە بەینمانەوە تا ماوەیەك ڕۆژێکیان زەنگە بۆکردم و داوای لێبووردنی کردوو ئاشت بووینەوە پەیوەندیەکەمان بەردەوام بوو.

هاوڕێیەکی نزیکم هەبوو ڕۆژانە شتەکانی خۆمم بۆ دەگێڕایەوە بە متمانەوە ئەوەندە هۆگری یەك بووین ئەویش هەموو بەسەر هات و پەیوەوندیەکانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە تەنانەت شەوانەش بە یەکەوە بووین چونکە دراوسێمان بوو چەندین جار ئەو ژوانی لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەبوو من بۆم ڕێك دەخست و بۆم دادەپۆشی لەو ماوەیەی کە من و خۆشەویستەکەم ساردی کەوتە بەینمانەوە، ئەو ئاگادار بوو هەلەکەی بۆ خۆی قۆستەوەو لەڕی مۆبایلەکەی منەوە یا خوشکەکەمەوە ژمارەی ئەو کوڕەی دەرهێنابوو پەیوەندی پێوە کردبوو لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی خۆشەویستیان دروست کردبوو لەلای منیش دەی ووت واز لەو کوڕە بهێنە ئەو لە ئێستەوە دڵپیس بێت لە داهاتوا خراپتر دەبێت بەکەڵکی تۆ نایەت هەوڵ ئەدا



نێوانمان تێك بداد هەرواشی کرد تا ماوەیەك لە بەردەوامی کێشەکەمان کۆتایمان بە پەیوەندیەکەمان هێنا بە ماووەیەکی کەم لە جیابوونەوەمان هەواڵی ئەوەم بیست کە هاوڕێکەم شووی بەو کوڕە کردووە ،نازانم چۆن توانی ئەو خیانەتەم لێ بکات ئێستا خێزانی ئەو کەسەیە بەس ئەوەنە ئەڵێم بە چ دڵێکەوە لەگەڵ کەسێکا ئەژی کە بزانێت پێشتر لەگەڵ نزیك ترین هاوڕێیا پەیوەندی هەبووە .

١٠

# هەندەران و ژن

ئەو ساتەی جێی هێشتم ناخۆشترین ڕۆژ بوولە ژیانم ،چونکە نەم دەزانی چارەنووسمان بەرەوکوێ دەچێت هەرچەند هەوڵم لەگەڵ دا لەوبڕیارە پەشیمان بێتەوەو بەدیار ئەوژیانەوەبین کە هەموومانی کۆکردبوەوە لە ماڵێکی خنجیلانەد،بە ئاسوودەی گوزەرانمان دەڕۆیشت،بەڵام ئەولە کەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە بڕیارەکەی خۆیگەیاندە سەرڕووەو هەندەران ملی ڕێگای گرتەبەرو ڕۆیشت،



دوای ڕۆیشتنی سۆراخی نەبوونزیکەی دوو مانگ هەواڵمان نەزانی... دواترهەنگاوبەهەنگاو تاگەیشتە شوێنی مەبەست ئاگاداری دەکردینەوە. ئەوکاتەی گەیشتە هەندەران شای ولۆغان لە ماڵی ئێمە دەستی پێکردوو زۆر ئاسوودە بووین چونکە دەمان زانی ئیترمەترسی نەما لە ڕێگاوبان و پاش گەیشتنی دوای سێ ساڵ بەردەوام داوامان لێدەکردکە چارەیەك لە ئێمە بکات چونکە ژیان لێرە بۆئێمە ڕۆژ دوای ڕۆژ قورس تردەبوو،هەرچەندە ئەو هاوکاری ئەکردین بەڵام لە ڕوی سۆزوخۆشەویستی خێزانیەوە ئەو لەوێ ومن لێرە، بۆشای یەکی زۆری خستە نێوانمان و مناڵەکانیش تەمەنیان بچووك بوو دەبوایە بەردەوام چاویانم بەسەرەوە بێت وخزمەتیان بکەم، کات دەڕۆیشت نزیکەی دوو ساڵ بەسەر ڕۆیشتنی تێپەڕی هەستم ئەکرد. تاکات تێپەڕێ ئەو سۆزوخۆشەویستیەی جارانی بەرە بەرە کەم ئەبوەوە بۆیە منیش بەردەوام پێم ئەووت یان دەبێ بە یەکجاری بگەڕێیتەوە یان دەبێ ئێمەش لەگەڵ خۆت بەری بۆ ئەوێ .

پاش مشتوومڕێکی زۆر کە زیاتر لە ساڵێکی خایاند بڕیاری دا کە ئێمەش بەرێ بۆ لای خۆی، زیاتر لە سێ ساڵ چاوەڕوانی دوای بەرەو هەندەران ڕۆیشتن وهەرچەندە زەحمەتێکی زۆرمان کێشا بەڵام گەیشتن بۆ لای پیاوەکەم وماوەیەکی کەم بوولە گەیشتنم هەستم کرد ئەو سۆزوخۆشەویستیەی لە کوردستان بۆ من ومناڵەکان هەبووە نەماوە ڕۆژ بەڕۆژ درۆی لەگەڵ ئەکردم ، ڕۆژانە دەڕۆیشت بۆکار زۆر درەنگ ئەگەڕایەوە جاری واش هەبوو بەسێ شەو جارێك نەدەهاتەوە ماڵەوە ئەوە بۆ ئێمە ناخۆش بوو چونکە تازە چووبوینە

ئەویٚ زمانمان نەدەزانی وشارەزای هیچ شوێنێك نەبووین لەناو چواردیواری ماڵەوە چاوەڕێی پیاووەکەم بووم . ئەویش هیچ سۆزوخۆشەویستیەکی بۆمان نەبووە دوای هەستم کرد کە پەیوەندی لەگەڵ چەند ژنێکی تریبیانیدا هەیە . زۆربەی شەوان لەلای ئەوان دەمێنێتەوە جارجارەش ژنی بێگانەی ئەهێنایە ماڵەوە، بە بیانووی ئەوەی کە بەیەکەوە کاردەکەن و ئەگەر لەبەر ئەوان نەبێت کاری دەست ناکەوێت ، ڕۆژ بەڕۆژ نێوانمان بەرەو خراپتر دەچوو بەڵام هەردانم بەخۆمم دا گرت بەڵکو گۆڕانی بەسەردابێت وچاك ببێت. بەڵام سودی نەبوو دوای بۆم دەرکەوت کە بەردەوام لەگەڵ ژنانی ئەوروپی رائەبووێریٚ .

ئێوارەیەکی درەنگ هاتەوە زۆر بێتاقەت بووم چونکە چوار ڕۆژ بوو نەگەرابوەوە کە هاتەوە بە نەرمی لیٚم پرسی لە کویٚ بوویت بۆچی کە ناگەڕێیتەوە ئاگادارمان ناکەیتەوە بەڵام ئەو بەسەرماندا تەقیەوەو کەوتینە شەڕە قسە لەگەڵ یەکتری دوای کەوتە لیٚدانی من زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتە لیٚدانم هەموو گیانی شل وکوت کردم ،ماوەی یەك هەفتە نەم دەتوانی بجولێمەوە لەبەر ئازاری گیانم ئەمە جاریٚ نەبوو هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەم ڕەفتارە تا ڕۆژێك بە توندی پەلاماری دام زۆر ئازارم گەیشت منیش پاڵێکم پیٚوەنا، لە دەستی ڕام کرد ئاگام لیٚ بوو مناڵەکان کردیان بە قیژە و هاوار بەڵام لەبەر ئازاری گیانی خۆم ڕامکرد چوومە دەرەوە، زۆربێزار بووم شارەزای هیچ شوێنێك نەبووم بەشەو هاتمە دەرەوە نەم زانی بەرەو کویٚ بڕۆم هەر دەڕۆشتم باخێك کەوتە سەر ڕێگام بۆ پشودان چووم



بۆ ناو باخەکە لەسەر کورسیەك پاڵ کەوتم بۆ ئەوەی تۆزێك هیلاکیم بحەسێتەوە گوڕ بە گوڕیش فرمێسك لە چاوانم ئەهاتە خوارەوە. ژنێکی پیر کە چەند مەترێك لەولای منەوە بوو هەستی کرد کێشەیەکم هەییە هات بۆ لام قسەی لەگەڵ کردم هەرچەندە من زمانی ئەوانم نەدەزانی بەڵام تێگەیشت کە کێشەکەم هەیە، دەستی هێنا بە سەرماو ئاگام لیٚ بوو ئەویش لەگەڵ من فرمێسکی لە چاو ئەهاتە خوار پاش نیوسەعاتێك، کەش زیاتر سارددە بوو.... نم...نم باران دەباری،پیرە ژنەکە داوای لیٚ کردم کە لەگەڵ ئەو بڕۆم بۆ ماڵەکەی کە لە نزیك پارکەکە لە شوقەیەکدا بوو، منیش لەبەر ئەوەی جلێکی ئاسای ماڵم لەبەر بووهەستم بە سەرما دەکرد ناچار بووم لەگەڵی بڕۆم بۆ ماڵەکەی.. ئەو ژنە زۆر میهرەبان بوو بەڕاستی مرۆڤێکی زۆر بە ویژدان و مرۆڤ دۆست بوو نزیکەی دوو هەفتە لە ماڵی ئەو ژنە مامەوە بەبیٚ ئەوەی هیچ ئاگایەکم لە مناڵەکان بیٚ ڕۆژێك لە ماڵەوە بێزار بووم چووم بۆ ناوباخەکەی کە نزیك ماڵی ئێمەو پیرە ژنەکە بوو بیرم هەر لە کوردستان و مناڵەکانم دەکردەوە لە پڕێکا کچە گەورەکەم کەوتە بەر چاوم هاوارم لیٚکردو هاتە لام تێر تێر لە باوەشم گرت و ماچم کرد شوێنی خۆمم پیٚ ووت بەومەرجەی کە بە باوکی نەڵێ لەگەڵ خۆم بردمەوە بۆ ماڵی پیرە ژنەکە پاش سیٚ کاژمێر بەیەکەوە بوون داوام لیٚکرد لەبەر مناڵەکانی تر بڕواتەوە بۆ ماڵەوە. دوای ماوەیەك کە ڕۆژانە کچەکەم دەهاتە لام باوکی داوای لیٚکردبووئەگەر بزانن لە کویٚم.... پیٚم بڵێت بگەڕێمەوە بەڵام من نەڕۆیشتمەوە تا ڕۆژێك لە ناو باخەکە یەکترمان بینی پیاوەکەم پەشیمانی خۆی لە

کردارەکانی دەربڕی منیش گەڕامەوە بۆلای وبە مناڵەکانم ئاشنا بوومەوە بەڵام چەند ڕۆژێکی نەبرد جارێکی تر هەمان کرداری دووبارە کردەوە ئەم جارە ئەوەندەی لێدام نەم ئەتوانی بڕۆم بۆ ماوەی یەك هەفتە لە نەخۆشخانە کەوتم. پاش چاك بوونەوەم داوای جیا بوونەوەم کردو پارێزەرم گرت ماوەی دوو هەفتە لە یەکتری جیا بووینەوە بە بڕیاری دادگاش پیاوەکەم گوێزرایەوە بۆ شوێنێکی تر کە دوور بوو لە ئێمە وە منیش گەڕامەوە بۆ لای منالەکانم و ئێستا خزمەتی کچەکانم ئەکەم کوڕەکەشم بەرەو وولاتێکی تر ڕۆیشت ماوەیەکی زۆر ئاگام لیّ نی یە.. هەندەران ئەوخۆشەویستیەی لە نێوانمان نەهێشت و خێزانەکەمانی هەڵوەشاندەوە .

ئەمە سەرگوزشتەی ژنێك بوو کە بە تەلەفۆن بۆی گێرامەوە.



١١

# ژن وگومان

بەهێمنی لە سوچێکی هۆڵی وانە خوێندن سەری خستبۆ سەر لاپەڕەکانی بەردەمی. هێور هێور فرمێسك لە چاوەکانی ئەهاتە خوارەوە، ئەندێشەو سۆز ئاوێتەی ئەو ووشانە ئەبوو کە لەلاپەڕەکانی ناو گۆڤارەکەی بەردەمی نووسرابوون...دوای تەواوکردنی خوێندنەوەکەی بەردەمی بەهەناسایەکی قوڵەوە ئاخێك لە دەمی هاتە دەرەو.. چاوی بەم لاو بەولای خۆی گێرا ، دەنگی

ئاهەکەی بەرزبوو لەوە دەترسا دەوروبەرەکەی هەستی پیٚ بکەن... ئەو دیمەنە بووە جێگای سەرنجم. داوام لیٚ کرد کە گۆڤارەکەم بداتیٚ بۆ ئەوەی بزانم چی تیانوسراوە، ئەوها کاریگەربوو دەرونی هەژاند و ڕێگای فرمێسکەکانی ناخی والاٚکرد... بەهەمان هەستەوە سەیری ئەو بابەتەم کردکە ئەیخویندەوە... بابەتەکە چیرۆکێکی کۆمەلاٚیەتی بوو باسی لە ژنێك ئەکرد کە بەدەست زوڵمی هاوسەرەکەی دەینالاٚند... بۆم تەواو نەکرا چونکە کاتی ئەوندەم نەمابوو ناچار هەمان گۆڤارم لە کتێبخانەکە دەست کەوت و خوێندمەوە... ئەو فرمێسکانەی ئەو لە هۆشم ئەخولانەوە لە نێوە شەوا ... زەنگی موبایلەکەم لێدرا ... چەند جارێك زەنگەکە دوبارە بووە... ژمارەکەم نە ئەناسی دوای قسەکردن و خۆناساندن... پرسیارێکی لیٚ کردم... ووتم بەر لەوەی وەلاٚمت بەدەمەوە منیش پرسیارم هەیە. بۆچی بەدەم خوێندنەوەی بابەتەکەوە فرمێسکەکانت دەهاتە خواریٚ... بە هەناسەیەکەوە ئەو چیرۆکەی کە خوێندمەوە زۆر نزیك بوو لەژیانم من خۆم تێدا دەبینیەوە. ئەگەر کاتت هەبیٚ ئەتوانم بۆتی باسبکەم... ..

دوای ئەوەی لە پۆلی شەشەم دەرچوم ناوم لەکۆلێژی یاسا لە شاری هەولێر هاتەوە ئەوسا لەبەر بارودۆخی شەڕی ناوخۆ نەم توانی بچم بۆ ئەوەی چوار ساڵ زۆر بوو بۆ تەواوکردنی خوێندن. ناچاربوم.. چوم بۆ پەیمانگا چونکە دووساڵ بوو زوتر تەواو ئەبووم. لەقۆناغی یەکەم بەر لەوەی تاقیکردنەوەی کۆتای ساڵ بدەم پرۆژەی بە هاوسەربوونم بۆ دروست بوو... بەهاندانی ماڵەوەمان رازیبوم



لەماوەی تەنها دووهەفتەدا هەموو شتێکمان تەواو کرد... لەیەکەم رۆژ کە چوینە ماڵی خۆمان هاوسەرەکەم داوای لیٚ کردم کە واز لە خوێندن بێنم لەو رۆژەوە نەگەرامەوە چەندین جار هاوڕیٚ خوێندکارەکان و مامۆستاکانم پەیوەندیان پێوەکردم کە بگەڕێمەوە. بەلاٚم هاوسەرەکەم ڕێگای نەدا دوای ساڵێك مناڵمان پەیدابووە. هەرچەندە لەوماوەیە لە ژیانێکی زۆر ناخۆش دەژیام چونکە هاوسەرەکەم هەمیشە غیرەی لیٚ کردم دڵپیسی لیٚ دەکردم ڕێگای نەئەدا هیچ کەسێکی لە هاورێیانم و خزم و کەس و کارم سەردانمان بکات. تەنانەت لە شەقام و شوێنە گشتیەکانیش خۆم لە هاوڕێیانم ئەشاردەوە بۆ ئەوەی قسەم لەگەڵ نەکەن چونکە ..دوای هاوسەرەکەم لەسەر ئەو قسانە یان سلاٚوێکی هاوڕێکانم سوکایەتی پیٚ دەکردم. لەهەمان کات خۆی خیانەتی لیٚ کردم پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا هەبوو...

ژیانم تادەهات ناخۆش دەبوو دواتر کەماڵەوەمان لەهەموو ئەو کێشەو گرفتانە گەیشتن لەنێوان من و هاوسەرەکەم من گەڕامەوە ماڵی باوکم نزیکەی دووساڵە لەماڵی باوکم... رۆژیٚ نەهات لێم بپرسێتەوە بۆیە ناچاربووم کە کێشەکەم بگەیەنمە دادگا. ئێستا گەڕاومەتەوە بۆ خوێندن بەدزی هاوسەرەکەم چونکە ناهێڵیٚ... تەنانەت لە شەقام و کۆلاٚنەکانیش ترسی ئەوەم هەیە کە کێشەم بۆ دروست بکات.دەمەویٚ هەر چۆنیێك بێت یەخەم لە یەخەی ئەو پیاوە ببێتەوە ..

## ١٢

# ژن و پەرژین

سەرما و سۆڵەیەکی بەتین تەواوی کۆڵان و شەقامەکانی شاری داپۆشیوە، کزەبایەکی سارد دەم و چاو و سەرکوڵمەکانی سوردەکردەوە، ئاو لە لێواری شەقامەکان هەمان شێوەی کۆنکرێتی گرتبو و تەواوی ڕێگا سەرەو لێژەکان بە لەگەڵ زەوی وبەستەڵەك هاوتا ببون ا. ئەو ئێوارەیە چەندین ئوتومبێل بەتوڕەییەوە یەکتریان ماچ کردبوو، نێو چاوانیان چووبوە ناو یەکتری، هەڵم بەدوای هەمو



تاکەکانی سەرشەقامەکان بەرو ئاسمان هەڵدەکشا، لە سوچی ژورە گەرمەکەی ماڵەکەم دا بەدەم خەیاڵ و بەرنامەی ڕۆژی دواتر و ئەنجامدانی کارە تەوا نەکراوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو خەیاڵ بردبومیەوە... چەند جارێك زەنگی تەلەفونەکەم لێدرا بەلاّم ئەو خەیاڵەی منی نەپچڕاند، دواجار زەنگەکە کۆتای نەهات، بەردەوام بەدوای یەکتردا دەهات... بەناچاری خەیاڵم جیّ هیّشت و وەلاّمی تەلەفونەکەم دایەوە.... هاوڕێیەکی بەردەوامی ژیانم بوو... داوای کرد بەپەلە بگەمە لای میوانێکی ئازیزی لایە، ئارەزویەتی من ببینم بۆ ئەوەی دەردی دڵی خۆی هەڵبرێژێت بەڵکو ئازارەکانی ناخی بۆ چەند ساتێك ساڕێژ ببن. بەناچاری بەدەم کزەبایەکی سارد خۆم گەیاندە سەر شەقامە سەرەکیەکە. بەتەکسیەك خۆم گەیاندە لای هاوڕێکەم. لەگەڵ گەیشتنم کچێکی خرپن بالأیەکی ئاسایی، چاو برۆیەکی جوان بەپیرمەوە هات بەگەرمی بەخێریان هێنام و لەگەڵ گەیشتنم لەلایەن هاوڕێکەمەوە وەك ڕۆژنامەنوسێك منی بەمیوانە کچە ناساند....پاش پشویەکی چەند دەقیقەی هاوڕێکەم بەکورتی باسی لە ژیانی( شیرین) کرد...

دواتر خۆی کەوتە قسەکردن بەبێ ئەوەی شەرم بکات باسی لەژیان و بەسەرهاتی خۆی کرد. لەتەمەنێکی بچوك دایکم بەهۆی ڕوداوی ئوتومبێل گیان لەدەست دەدات، باوکم کرێکارێکی هەژار بوو، ڕۆژانە لەماڵ دەردەچو بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانمان جاری واهەبوو بەهەفتە نەدەهاتەوە لەبەرئەوەی بۆ کرێکاری دەڕۆشتە شارەکانی تر. من سەرپەرشتی منالەکانی ترم

دەکرد کە سێ کچ و کوڕێك بوین. پاش ئەوەی تەمەنم گەیشتە پانزە ساڵی. باوکم لەگەڵ کرێکارێکی تردا کە ئەویش ژنی کۆچی دوای کردبوو ژن بەژنیان لەگەڵ یەکتردا کرد بێ ئەوەی پرس بە من بکەن و بزانم کەسەکە کێیە. تەنها ڕۆژێك باوکم ووتی من دەکەی بەوەکیلی خۆت منیش نەم زانی بۆچی رازیبووم، تۆم داوە بەشو بۆ خۆم ژن بەژنم لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆم کردووە... لەناخەوە زۆرم پێ ناخۆش بوو بەلاّم نەم دەزانی چی بکەم. زۆر شەرمم لە باوکم ئەکرد بۆیە نەم توانی رووبەڕوو لەگەڵ باوکم ناڕەزای دەربڕم... تا ئەو ڕۆژەی زەماوەندم کرد نەم ئەزانی هاوسەرەکەم کێیە. ئەو شەوە بۆ یەکەم جار پیاوێك هاتەلام... کە تەمەنی باوکمی هەبوو زۆریش گەورەتریش. ئەو شەوە وام ئەزانی لەدۆزەخێکدام. تا بەیانی خۆم نەدا بەدەستەوە. بەیانی بیرم لەهەڵاتن دەکردەوە، بەلاّم هەرچەندم کرد بۆم نەکرا. ئیدی بۆ ماوەی چوار مانگ لەگەڵ ئەو پیاوە مامەوە. شەوان زۆر لێی دەترسام چونکە نەخۆش بوو ناوە ناوە هەناسەی ئەگیرا نەدەبوایە  دوکەڵ یان هەرشتێکی تری کەبۆ (ڕەبۆ) زەرەرمەند بوو لەماڵەکە هەبێت... شەوێك زۆر ساردبوو بیرمان چوو سۆپاکە بکوژێنینەوە. بۆ بەیانی کەهڵساینەوە ژورەکەم پڕبوو لەدوکەڵ... پیاوەکەم بەهۆی دوکەڵ خنکابوو... کەس و کاری پیاوەکە تاوانەکەیان خستە پاڵ من کە گوایە من کوشتومە. هەوڵی کوشتنی منیان دا منیش لەدەستیان هەلاّتم خۆم گەیاندە ماڵ خزمێك  کە لە نزیك ماڵمان بوو. بۆ ماوەی هەفتەیەك لەوێ خۆم شاردەوە دواتر نەم وێرا باوکم ئاگادار کەمەوە لەو ماڵەم. چونکە ئەویش هەڵوێستی زۆر



خراپ بوو. دەی کوشتم ئیدی دەربەدەری شاران بووم هەر ڕۆژێ لە شوێنێکم نازانم روو لەکوێ بکەم. زۆر لەژیانی خۆم بێزارم...

١٣

# هەرزەكارو ژن

شەوان چەند كاتژمێرێك بەكاركردن لەسەرئینەترنێت دەبەمەسەر،هەرلەگەڵ بەدوای هەوڵ وریپۆرتاژوهەموو ئەو بابەتانەی لەمەڵپەڕەكانی ئینتەرنێت دا هەیە، هەركاتێكیش كاتم هەبوو بۆ چات كردن ... yahoo ماسنجەرەكەم ئەكەمەوە لەگەڵ دۆستانو هاورێیانم قسەدەكەم. بەراستی دوونیایەكی دڵ گیرەو بەبێ پاسپۆرت هەموو سنورەكان ئەبرم لەوپەری دوونیاوە تا ماڵی خۆمان گفتوگۆ دەكەین. لەرێگەی ئەو چاتەوە بەزۆرێك لەهاورێیانم ئاشنا بوومەوە كە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە هەواڵیان نازانمو شەوانە



لەژوورێكی بچكۆلانەی چات كۆ دەبینەوە.. هەفتەی رابردوو دالیا ناوێك هاتە خەتەوە وویستی قسەی لەگەڵ بكەم. دوای ئەوەی زیاتر لەچوار جار hi لێكردم. وولآمم دایەوە، هەرزوو خۆی ناساندو ووتی ئیمێڵەكەتم لەهەفتەنامەی ژیانەوە وەر گرتووە ئەگەر كات هەبێ دەمەوێ قسەت لەگەڵ بكەم...... بەخۆشحاڵیەوە چاوەرێی نوسینەكانی سەر شاشەكەم دەكرد بزانم چی دەنوسی. پاش نوسینی چەندێرێك داوای كرد بەمایك قسە بكەین رازی بووم تا ئامادەكردنی مایكەكەم چەند خولەكێكی خایاند، دوای كەوتنە گفتوگۆ هەرچەندە ، ناوەناوە دەنگی دەپچرا بەلآم باش لەقسەكانی دەگەیشتم ئەوە لێرەوە دەستی پێكرد. من تەمەنم ئەوەندە گەورە نییە بەلآم خاوەنی كورێكم تەمەنی لەسەرووی ٥ ساڵانەوەیە لەفەرمانگەكەم بەژنە بێوەژنەكە بانگم دەكەن بەلآم روو بەروو نا ئەوو وشەیە زۆر بریندارم دەكات هەركاتێ گوێم لێ ئەبێت حەزدەكەم بمرم چونكە من لەژیان زۆر غەدرم لێكراوە، ئێستاش زۆر بێزارم لەتەمەنی هەرزەكاریمەوە وەك كورێكی خزممان چەندین جار داوای لێكردم شوی پێبكەم هەر رازی نەبووم، ماڵەوەمان پێیان خۆش بوو هەموو جارێ دایكم ئەی ووت بۆ نای كەی خوا دەرگای خێری لێ كردویتەوە داوات دەكەن، ئەی ئەو هەموو قەیرە كچانە چۆن لەماڵی باوانیان كەوتوون كەس داوایان ناكات ئەو قسانە زۆر كاریگەری لەسەرم هەبوو لەوە ئەترسام ئەگەر شوی پێنەكەم كەس نەیەتە داوامو سەری سپی لەماڵە باوكم بهۆنمەوەو بۆیە رازی بووم.

جارێکی تر هاتەوە داوام بەبێ مەرج شوم پێکرد. هەموو شتێك لەماوەی دووهەفتەدا تەواو بوو.

نزیکەی یەك ساڵ بەخۆشی ژیانی هاوسەریمان دەگوزەراند، دوای ئەو ماوەیە هاوسەرەکەم لێم کەوتە بیانوو گرتن هەر رۆژی گەرێکی پێ ئەگرتم شەوان درەنگ دەهاتەوە، هەموو پەیوەندیەکی سێکسی لەگەڵ پچراندم، شەوان لەدووری منەوە دەخەوت، زۆر شەویش ئاگام لێبوو بەدەست هەستی سێکسی خۆی دادەمرکاند. ئەو ژیانەمان هەتا دەهات بەرەو خراپی دەرۆیشت رۆژی پێم ووت سکم هەیە پێویستم بەپشکنینی پزیشکی هەیە لەگەڵم وەرە. هەتا هێزێکی کرد زللەیەکی لە بناگوییێم داو بەتوورەیەوە ووتی ئەوە چ زوو ئەو مناڵە پەیدا بوو؟!

ژیان بەردەوام بوو تادەهات لەرووی جەستەیی یەوە هیلاك بووم ناچار ناوە ناوە ئەچوومەوە ماڵی باوکم، ئەگەر خۆم نەهاتبامەوە ماڵەوە ئەو هەر لێی نەدەپرسیم بۆچی نایەیتەوە، لەپرێکا رۆژی خۆی گۆری جلەکانی هەڵگرتو بەبێ ئەوەی بڵێ بۆ فلان شوێن دەچم رۆیشت نزیکەی چوار مانگ وون بوو بەبێ ئەوەی سۆراغی بزانم، کەس پێی نەدەوتم بۆ کوێ چووە. دوایی زانیم کە بەرەو هەندەران رۆیشتوە دوای یەك ساڵ هەواڵیم زانی. هەرچۆنێك بوو ژمارەی تەلەفونەکەیم پەیدا کرد کە زەنگم بۆ لێدا جوابی دامەوە زۆر بەگەرمی وای زانی کچێکی ترم کە خۆم ناساند زۆر بەساردی وەڵامی دامەوە، داوام لێکرد چارەیەکمان لێبکات چەند رۆژێکی ماوە منداڵێکمان دەبێت، دیسان بەتورەیەوە ووتی چارەی چیت لێبکەم



ناتوانم بەسە ئیتر تۆم ناوێ مناڵەکەی تۆشم ناوێ وازم لێبێنە، نازانم من وازم لەتۆ هێناوە تۆ بۆ واز لەمن ناهێنی لەو رۆژەوە تەلەفۆنەکەی داخراوە، هەر بەدوای وەڵام ئەگەرێم!!

## ١٤

# دادگاوژن

دەستی خستە ناو جانتاکەی و لە ناویدا ئاوینەکەی بەدەستەوە گرتوو سەیرێکی خۆی کردوو .پەنجەکانی خستە ناو قژی و لە جیاتی شانە پەنجەکانی هێنایە خوارەوە ، روی بۆ لای من وەچەرخاندوو ، تۆ کاتت دەبیٚ گوٚیٚ لە قسەکانم بگریت: ئەی بۆ نا بەڵام من لە رۆژنامە بلاٚوی دەکەمەوە ..... ناوم نەهێنی ئاساییە....

بۆ ماوەی دووساڵ و نیوە ژیانی هاوسەریم لەگەڵ کەسێکی نەناسراودا پێك هێناوە تەنها دوومانگ لەگەڵیا ژیاوم دوای شەوی خەنەبەندان وەك خوشك و برا بەیەکەوە بوین. پێشتر من ئەو پیاوەم نەناسی وە بەرێکەوت لەرێگای کچێکی هاوڕێم یەکترمان ناسی،بوە



بەهاوسەرم و ژیانی هاوسەریم لەگەڵی دا پێکەوەناوە، خوشکەکەی دەڵیٚ تومان بۆ ئەوە بۆ هێنا تا چاك بێتەوە ، من نەم زانی نەخۆشەو چارەسەری کەمە بەلاٚم من هەرگیز بیرم لە پەشیمانی نەکردەوە پشی گوێم نەخست ،بەڵکو چاك بێتەوە چەندەها رێگەم گرتەبەر بەلاٚم بیٚ چارە بوو هەتا بریاری فرۆشتنی ئاڵتونەکانم دا بۆ ئەوەی چاك بێتەوە بیبەنە دەرەوە بەلاٚم کەس و کاری رازی نین تەنها بۆلای دکتۆرێکی ناوشاری خۆشمانی بەرن خۆشی ناچێت، چونکە پێشتر بەمنیان نەوتووە بۆیە دەڵێن هیچ نەخۆش نیەو تۆ بۆی دروست ئەکەیت، ئیستاو پێشتر لەوشوێنەی کاردەکەم کەس و کاری دێن و شەڕم پیٚ دەفرۆشن و جنێوی ناشیرین و سوکم پیٚ دەڵێن من تەنها لەبەرئابروی خۆم جوابیان نادەمەوە، تائیستاش هەر هاوسەرەکەم خۆش دەویٚ هەوڵی زۆرم داوە کە چارەسەری بۆ بدۆزمەوە بەلاٚم نەگەیشتومەتە ئەنجام، لەدادگا بەپیٚ ی یاسا کاریان بۆ نەکردوم و منیان بەش خوراو کردووە تەنها داوای ئەوەم ئەکرد بیدەنە لیژنەی پزیشکی، بەلاٚم بەداخەوە تائیستە جوابیان نەیاومەتەوە، نەخۆشی جیاجیا هەیە، بەلاٚم ئەوەی ئەو جیاوازە دەرونی یە تەنها وشەیەك دەجار زیاتر ئەیڵێتەوە باوك و دایکی و کەس و کاری هەمووی پشتیوانی ئەو دەکەن پێم دەڵێن وەرەوە دانیشە بۆ ماڵ لە خۆت تێك ئەدەیت ئەگەر نایتەوە بەشەرتێك تەلاٚقت ئەدەین دەبێت چ پارەیەکمان تیادا سەرف کردوی بۆمان بژمێری و بمانەیەیتەوە.

ژیانم تەواو ناخۆش بووەو مردنم لا خۆشترە هیوادارم بۆ هەموو کچێکی دڵ پاك و بەویژدان هەتا کەسێك نەناسن ژیانی هاوسەری لەگەڵدا دروست نەکەن بەلاٚم

بەشێوازێك یەكتر بناسن كەلە كەسی خۆتان و ئابڕوبردنتان بەدوربێت، بەلای منەوە ناسینی پێش وەخت زۆرباشترە نەوەك بەرێكەوت و یەكسەر رازی بون.



## ١٥

# ژن و سواڵكردن

دەم وچاوی بەپەڕۆیەكی رەش داپۆشرابو، لەسوچێكی كۆڵان گرمۆڵ بووە، تەواوی لەشی داپۆشرابوو، دەستی چەپی هێنابووە دەرەوە، منداڵێكی چاوگەشی خرپنی لەتەنیشتەوە دانیشتبو، ناوەناوەبە پەنجەناسكەكانی پەرۆكەكەی هەڵئەدایەوە بۆ بینینی دەم وچاوی دایكی.بەلاّم ئەو نەیدەهێشت دەركەوێ خێرا ئەی هێنایە خوارەوە،ئەگەر بگریابە. منداڵەكەی ئەبردە ژێر عەباكەی پاش چەند خولەكێك منداڵەكە ئۆقرەی نەدەگرت دەهاتە دەرەوە، ئەوكەسانەی لەوێ گوزەریاندەكرد. هەركەسێ ئارەزوی لێبوایە بەپێی توانای گیرفانی خۆی. پارەكەی هەڵئەدایە بەردەمی. ئەویش ناوەناوە

پارەکانی لائەبرد بۆئەوەی زۆر کۆنەبێتەوە لەسەروخەڵکی چاویتێنەبڕێ. ئەو دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاکێشام بڕیارم دا کە هەرچۆنێك بێت بیدوێنم. زۆر لەدەوروخولی سوڕامەوە نەم توانی. پاش تێپەڕبونی چوار کاژێر. ئێوارە بەرەو ماڵەوە دەگەڕامەوە. بەهەمان ڕێگاوە ، بینم خۆی کۆدەکردەوە. هەنگاوەکانم هێواش کردەوە. بەسەیرکردنی هەندێ کاڵا لەو دوکانانەی ئەو گوزەرە، پاش دورکەوتنەوەی ژنە سواڵکەرەکە لەو شوێنەی لێ دانیشتو بووە عەباو پەچەکەی لاداو، ژنێکی دەم و چاو پان و خرپن هەنگاوەکانی خێراترکرد وەلێی نزیك بومەوە. بەنەرمی داوام لێ کرد کە دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم. ئاوڕێکی دایەوە بەنەرمیەوە لێوەکانی لەسەر یەك هەڵگرت ووتی بەهەڵە لێم تێمەگە من لەو ژنانە نیم. بەپێکەنینەوە ....نا....نا. من ڕۆژنامەنووسم ئەمەوێ دوو پرسیارت لێ بکەم...بۆچی...؟...سەبارەت بەژیانت...دەباشە......تۆ بۆ چی ئەم کارە دەکەیت؟.....ئیرە جێگای ئەوە نیەبۆت باسکەم....باشە هەرکەمێك ئەگەر سەرەقەڵەمێکیشم پێ بڵێ هەر باشە....باشە من شوم کردوە چوار منداڵم هەیە...پیاوەکەم لەگەڵ گروپێکی ئیسلامی کاردەکات ماوەی پێنج ساڵە هەواڵی نازانم ..کەس نیە منداڵەکانم بەخێوو بکات و بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکات.سواڵکردنم زۆر پێ باشترە لەوەی کە کاری بەدڕەوشتی بکەم بۆ پەیداکردنی پارە..ویستم درێژە بەباسەکەی بدات بەڵام بەپەلە خۆی کرد بەپاسەکەوەو ڕۆیشت.



١٦

# ژن وشو

لەکۆتایی سوچی دیوارەکە بەدەنگێکی بەرز هاواری دەکردئەنگۆلە من گەرێن ئەمن دەزانم چی دەکەم کەهەقی بەسەرمنەوەنیە،ئەوپەیوەندیەی‌کەمن لەگەڵ ئێوەم هەبووئەوپیاوە،ئەویش تەلاقی دام ویەخەم لەیەخەی ئەنگۆبۆتەوەوە لەنێوتەلبەندبەدەوری منتان داکێشابووپساندم لەکۆرتان بوومەوە ئەوە گفتگۆێکی نێوان ژنێك و پیاوێك بوون لەجێگای سەرینم بوون ماوەی چەندرۆژێك ئەوبابەتە لەهۆشم ئەزرینگایەوە

ئێوارێك بۆسەردان لەگەڵ هاورێکی رۆژنامە نووسم سەردانی یەکێك لەدۆستە کۆنەکانم کردکەدەمێك بوونەم دیبوودوای پشویەکی کورت ئەوژنەی کەمشت مری بوولەگەڵ ئەوپیاوەخۆی کردبەژورەوە ئەومنی نەدەناسی سۆراخ پرسین لەهاورێ دێرینەکم بەکوورتی سەرکوزەشتەی ئەوێی بۆگێرامەوە دواترخۆی بانکرد منی وەك رۆژنامنووس ناساندبەژنەکە دواتر کەوتە قسەکردن ژنەکە بەبێشەرم بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆگێرامەوە لەتەمنێکی زۆربچووك منیان بۆخاڵم بەژندا واتە ژن بەژنیان پێ کردبوومـاوەی چواردەساڵ لەگەڵ پیاوێك کەیانزەساڵ لەخۆم گەورەتربووژیانم گوزەراندبەهەمووشتێك رازیبووم لەبەرئەوەی کەزۆرئاسوودەبووم لەژیان بەڵکو لەماوەی ئەوچەندساڵە قەت خۆشیم لەژیانی خۆمە نەدەدی بەلام زۆرلە تەڵاقدان دەترسام دووساڵ بەسەرژیانی هاوسەریم داتێنپەڕی منالمان نەبووچەندین جارسەردانی دکتۆرم کرد پاش پشکنین پیان ووتم کەهیچ کێشیکم نییە پیاوەکەش ئەیووت منیش کێشەم نی یە بەردەوام ئەیووت ژن ئەهێنم لەبەرچاوی خزم وکەس وکاری بەردەوام دووبارەی دەکردوزو ژن دێنم بۆئەوەی منالمان ببێ بەردەوام لەماڵکمان شەڕوئاژاوە هەبووهە رجارێ خزمێکمان دەهات منالیان لەگەڵ بوایە شەڕوئاژاوەی دروست دەکردتا دەهات ژیانم ناخۆش دەبوو وای لێهات کەرقم لەهەموومنالێك بێتەوە زۆرهەولمداکەپیاوەکەم لێم تێ بگات کەژیان بریتی نییە لە منال بوون بەڵام سوودی نەبووناچارماویەیێك لەپیاوەکم دوورکەووتمەوە بەڵکوچاك بێت لەکردەوەکانی پەشیمان بێتەوە بەڵام سوودی



نەبووناچار داوای جیابوونەوەم کرد لەلای(مەلا)جیابوینەوە تەنها(دە)رۆژبەسەرجیابوونەوەم تێ پەڕی کوڕێکی خزممان هاتەداوام وپاش دوومانگ رازیبووم ژیانی هاوسەریم لەگەڵ دروست کرد دوای یەك ساڵ دوومنالم بەیەکەوە بوو پیاوەکەش ژنی هێناوەتەوەبەڵام منالیان نەبوە دڵنیاشم قەت نای بێت

## ١٧

# ژن و زانکۆ

توونددەستی بەتەنورە کورتەکەی بەرییەوە گرتبوو بۆئەوەی رەشەبا بەرزی نەکاتەوە، لەژێر چاویلکە رەشەکەشیەوە چاوی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا، ناوەناوەش دەستی چەپی لەتەنورەکەی بەرئەدا سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکردوو وەك بلێی چاوەرێی کەسێك بکات. هەرواش بوو...

هەرکە گەیشتمە بەردەمی بەخەندەیەکەوە سەیری کردم ، روێکی خۆشی نیشاندام.. چەند جارێك داوام لێکرد کە بیگەیێنم لەگەڵم سەرکەوێ... ویستی نەیەت چەند جارێك دووبارەم کردەوە بیگەیێنم. بۆجارێك سەیری کاتژمێرەکەی کردوو دیار بوو لەکاتی ژوانەکەیان تێپەریبوو ..هەنگاوی بەرو ئۆتومبێلەکەم هەلێنا، لەرێگا



بەدەم پێکەنین و هەواڵ پرسین : چەند جارێکە لەم ویستگەیە ئەتبینم، رێگا کەی تۆو زۆر دوورە چۆنە لێرە ئەوەستی چونکە زۆر دوور ئەکەویتەوە. نیگایەکی قوڵی تێبڕیم: کەس بەدەردی کەس نازانێ لێرەوە سەرەنجی راکێشام کە بەدوای قسەکانی بچم. سەرەتا نەیدەویست باسی هیچ بکات. دوای ئەوەی کە کەوتینە گفتوگۆ لەووتەکانی بۆم دەرکەوت کە بەکێشەیەکەوە ئەناڵێنێ. هەوڵ ئەدات چارەی بکات. کە دڵنیابو لەوەی کەمەبەستمە هاوکاری بکەم. بەنەرمە شەرمێکەوە کە تنۆك تنۆك ئارەق بەرووی دا دەهاتە خوارەوە: ئەو کاتەی کە لەزانکۆ بووم سەرەتای ساڵی یەکەم کورێکم ناسی لەرێگەی هاورێیەکی ترمەوە بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام هاموشۆی هاورێکەمی دەکرد لەزانکۆ ئاشنایەکی زۆرمان لەگەڵ یەکتری پەیدا کرد بە بەردەوام بەتەلەفون قسەمان دەکردوو لەهەموو بۆنە خۆشەکانی زانکۆ هاورێکەم بانگی دەکرد . رۆژگار بەخێرایی تێپەری تا رۆژێك لەناو گۆرەپانی زانکۆ بەنێگایەکی قوڵەوە سەیری کردم ئەوە سەرنجی راکێشام هەرچەندە لەناخەوە دەمێك بوو ئاشنای یەکتری بووین بەڵام دیواری شەرم نەی دەهێشت ناخی دڵمان بۆیەکتری دەربڕین ئەو رۆژە وام لێکرد چی لەناخی دایە بیڵێ چونکە ئەمزانی دەیەوێ شتێك بڵێ .. بەڵام نەیئەتوانی هەستم کرد ئارام بووە پاش بێدەنگی زۆر.. کەسەرپای دەوروبەرمان نوزەی لێوە نەدەهات. بەهەناسە سواری چەند جارێك: خۆشم ئەوێ خۆشم ئەوێ .

زۆر دەمێکە لەناخمایەو حەز دەکەم پێت بڵێم لێرەو.........

ژیانمان ئاوێتەی یەکتری بوو نزیکەی سێساڵ پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو بەردەوام قسەمان دەکردوو بیرو بۆچونەکانمان ئاڵو گۆڕ دەکرد.
چەند جارێك داوای لێکردم کەرازی ببم بێتە داوام. بەڵام چونکە لەزانکۆ بووم دڵنیا بووم تا تەواو نەبم ماڵەوەمان رازی نابن. بۆیە پێشنیارم کرد کە تا زانکۆ تەواو دەبێ با هەر ئاواهی بین. دوای زانکۆ بووم بەمامۆستا نزیکەی دووساڵە لەوماوەیە چەندین جار داوای لێکردم من زۆرم خۆش دەویست، بەڵام دایکم رازی نییە دەڵێ بڕوانامەی نییە چۆن دەبێ تۆی دەرچووی زانکۆ بێت لەگەڵ کەسێك ژیانی هاوسەری درووست دەکەی کە دەرچووی سەرەتایی بێت. من ئەو کورەم زۆر خۆش ئەوێ بڕوانامە گرینگ نییە بەلامەوە . هەرچەند دەکەم دایکم قەناعەت ناکات. منیش چەندین بیرەوەریمان بەیەکەوە هەیە کە زۆر ئەستەمە بتوانم بەئاسانی لەبیری بکەم.



# ١٨

# خواستی پیاو و ژن

دوای ئەوەی چەندین جار هاتنە داوام ڕازی بووم ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێکبهێنم لە ڕۆژێکی بەهاری لە ژێر چەتری ئاسمانێکی شیندا ئاهەنگی بەیەك گەیشتنمان کرد ساڵێك لە دوای ژیانێکی ئارام و بێکێشەدا گوزەرانمان کرد دوای زیاتر لە ساڵێك وە چەند مانگێك دوای چاوەڕوانیەکی زۆر نۆبەرەی یەکەممان کە کچێکی چاوگەشی جوان پەیدا بوو لەو ڕۆژەوە خۆشەویستی لە نێوان هەردوکمان زیاتر بوو ، وای لێهات تەنانەت شەوانیش تا بەیان هەرقسەی خۆشماندەکرد. کۆرپەکەمان تا دەهات گەورە دەبوو تەمەنی گەیشتە ساڵ و نیوێك دوای ئەوە لە سەردانێکم بۆ لای پزیشکی تایبەت مژدەی کۆرپەیەکی تری پێدام منیش بە دڵخۆشی زۆر گەڕامەوەو مژدەکەم دایە هاوسەرەکەم و ئەویش پێی گەشایەوەو ووتی :کوڕە یان کچ منیش ووتم نازانم دکتۆرەکە تەنها ووتی کە منداڵمان دەبێت ئیتر لەو ڕۆژەوە ناوی لە منداڵەکەمان نا ئومێد ئیتر هەر شتێکی

بکڕیبایە دووانی دەکڕی یەکێکیان بۆ کچەکەمان و ئەویتریان بۆ ئومێد سالڕۆیشت و وادەی بوونەکەی تا دەهات نزیك دەبووەوە ڕۆژێکیان بۆ پشکنین چوومە لای دکتۆر پاش ئەوەی کە سۆنەری بۆ کردم پێی ووتم کە کچمان دەبێت منیش کە گەڕامەوە نەموێرا بڵێم کە کچمان دەبێت بە هاوسەرەکەمم ووت پشکنینم نەکردووە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم دۆخەدا تێپەڕی تا ڕۆژێ زۆر بێتاقەت بووم بە ناچاری لەگەڵ هاوسەرەکەمدا چووین بۆ پشکنین پاش تەواو کردنی، هاوسەرەکەم بە دکتۆری ووت دکتۆر کچە یان کوڕ دکتۆرەکە ووتی حەز دەکەی کامیان بێت هاوسەرەکەم ووتی وەڵا کوڕ دکتۆرەکە ووتی هەر کامیان بێت دیاری خوایە وەکو یەك وایە هاوسەرەکەم ووتی وەڵا وایە بەڵام خۆم هەستم کرد کە لەناخەوە زۆری پێناخۆشە بەلام لەوێ هیچ قسەیەکی نەکرد کە گەڕاینەوە ماڵەوە بێدەنگیەکی زۆردەموچاوی هاوسەرەکەمی داپۆشیبوو وەك جاران ئەوەندە ڕوی نەئەدا بە کچەکەمان و بێتاقەتیەکی زۆری پێوە دیار بوو لە ڕێگەی خزمەکانمانەوە ویستم قسەی لەگەڵ بکرێت تابەلایەوە ئاسای بێت چونکە نە بەدەست من بوو نە بەدەست ئەو کوڕ بێت یان کچ بەهەر حاڵ کچێکی تریشمان بوو دوای دوو ساڵ کچێکی تریشمان بوو جارێکی تریش بەمە زۆر ناڕەحەت بوو پێی ووتم خەتای تۆیە منیش بە هێمنی ووتم دە با بچین بۆلای دکتۆر بەشێوەیەکی تووڕە وەڵامی دامەوەو ووتی نەخێر خەتای تۆیە ئیتر ناخۆشی کەوتە نێوانمان تا ماڵی ئێمەو ئەوانیش بەم کێشەیان زانی چەندین جار کەسەکانمان هەوڵی چارەسەر کردنی ئەم کێشەیان دا



کێشەکەم بووەوەو ئەم کۆرپەیەشمان وەك ئەوانی تر گەورە بوو دوای ئەوەی کە هەستم کرد تەواو نیم و بێتاقەت بووم و سەردانی پزیشکم کردەوە و پێی ڕاگەیاندم کە منالْمان دەبێت منیش بە هاوسەرەکەم نەوت نەوەك و ئەم جارەش کچ بێت و کێشەمان بۆ درووست بکات هەر بۆیە نەچووم بۆ لای دکتۆر بۆ ئەوەی سۆنەر بکەم ڕۆژێکیان سەردانی پزیشکی پشکنینم کرد پێی ووتم کە ئەمەشیان کچە ئیتر لەو ڕۆژەوە خەمم کەوتە بەر پڕ بە دڵ حەزم دەکرد لە بار بچیّ بۆ ئەوەی جارێکی تر توشی گرفت نەبمەوە تا کاتی منالْ بوونەکەم لە باری دەروونی زۆر ناخۆشدا دەژیام تا دوو مانگی ڕابردوو لە نەخۆشخانەی مندالْ بوون مندالْەکەم بوو لە یەکەم ڕۆژی لەدایك بوونی هاوسەرەکەم لە نەخۆشخانە پێی ووتم کە جارێکی تر نەیەیتەوە ماڵەکەی من دەچی بۆ کویّ بچۆ جارێکی تر پێنەنێی بە ماڵەکەی مندا وەخت بوو دڵم ڕابوەستیّ لەگەڵ ئەم قسەیە لەویّ تێر تێر بۆ بەختی خۆم گریام ئێستا چوار کچم هەیە و ماوەی دوو مانگە لە ماڵی باوکمم و نازانم چارەنووسم چی بەسەر دێت هاوسەرەکەم داوای کوڕم لیّ دەکات؟؟؟

## ١٩

# ژن و تەنیایی دوای باران

لە ژێر چەترەکەی روخساری دەرنەدەکەوت تا گەیشتە پەناگەو باڵەکانی چەترەکەی هێنایەوە یەك کە سەیری کردم بەڕوییەکی خۆشەوە بەرەوڕوم هات و دیار بوو زۆر بەبینینم گەشایەوە ،گلەیی ئەوەم لێکرد کە زۆرکەم دەردەکەوی و هەواڵی نییە. نەیویست لەویَ درێژە بە ئاخافتنەکەی بدات. داوای ژمارەی مۆبایلەکەمی کرد، سەیری کاتژێرەکەی دەستی کردوبەدەم رۆیشتنەوە: خۆم پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە ئنجا دەزانی ژیانی من چۆنە و چی لێهاتووە... دوایی چەند رۆژێك لە نیوەشەوێکی بیَ کارەبا بەمێسجێك هەواڵی پرسیم و داوای کرد ئەگەر کاتم هەبیَ قسەبکەین دوای چەند ساتێك زەنگی تەلەفۆنەکەی لێداو دیسان دوای گلەیی هەردولامان. بەدەنگێکی نەرم و لەشەوێکی کپی زستان دا کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی، لە تەمەنی منالّیەوە دوکانێك لە نزیك



ماڵی ئێمە بوو بە هۆی چەند جارێك هامۆشی کردنی دوکانەکە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانم ئاشنای ئەو کورە بووم کە لە دوکانەکەکاری دەکرد پاش ئەوەی هەستم کرد نیگاکانی، داوای عەشق دەکا. هەربەشەرمەوە هەموو جاریَ پیداویستەکانم دەکڕی و ئەویم بەجێدەهێشت رۆژبەرۆژ ئەو هەستە لەلای منیش دروست دەبوو بۆیە حەزم کرد هەرکارێکی دەرەوەمان هەبێت بەتایبەتی لە پێداویستەکان حەزم دەکرد بچم لەویَ بیکڕم، ئەو هەستەمان بەردەوام بوو لەلایەن هەردووکمان. تا رۆژێك پارچە کاغەزێکی بچوکی لەگەڵ کڕینی پێداویستیەکانم خستە ناو دەستم منیش هەر لە دەرگای دوکانەکەوە چوومە درەوە خێرا چاوم لیَ کردوو خوێندمەوە. بە خەتێکی ناخۆش نوسرابوو خۆشم ئەوێیت چیتر بەرگری گڕی خۆشەویستی تۆ ناگرم توخوا بەسە مەم سوتێنە لەو رۆژەوە عەشقی ئەو لە دەرونمدا چەکەرەی کرد. دوای دوو رۆژ رووەو دوکانە رۆشتمەوە بۆ پێداویستیەکانی ئەو رۆژەمان هەر لە دوکانە جوومە ژورەوە وەك گوڵ گەشایەوە، لەسەر خۆو بە نەرمە شەرمێکەوە کاغەزەکەت خوێندەوە.....؟

حەزدەکەم وەڵامم بدەیتەوە پاش دوورۆژ منیش کاغەزێکی بچوکم لە ماڵەوە هەڵگرت و لێم نووسی منیش خۆشم ئەوێی، لەو رۆژەوە پەیوەندی نێوانمان دەستییپێکرد. پاش چەند مانگێك لە پەیوەندی خۆشەوستی هاتەداوام و رازی بوون، زۆری پیَ نەچوو ئاهنگەکەمان گێڕاو بووین بە هاوسەر، دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ بەسەر ژیانی هاوسەریمان رۆیشت بەرەو هەندەران کەوتە خەیاڵی و

بەردەوام ئەی وت ئەڕۆم کەگەیشتم تۆش دەبەم،ماڵەوەشیان بەردەوام هانیان ئەدا. کەبچێتە دەرەوە، لە بەرەبەیانێکی رۆژێکی هاویندا جانتایەکەی هەڵگرت و رووەو رێگایەکی نادیار کەوتە رێ. دوای پێنج مانگ گەشتە ئەڵمانیا دوای ماوەیەکی زۆر دەنگی نەما. داوام لێکرد کە چارەیەك لە ئێمە بکات، بەبێ هیچ هۆیەك داوای جیابونەوەی کرد. چەند هەوڵمدا سودی نەبوو ئەوەبوو لەڕێگای فاکسەوە تەلاقنامەکەی بۆ ناردمەوە منیش لەبەر خۆشەویستی کچەکەم کەتازە دوومانگانە بوو بەدڵشکاوی بەرەو ماڵی باوکم رۆشتمەوە دوای یەك ساڵ دانیشتن بەدیار منداڵەکەمەوە لەڕێگای ماڵی پورم کەسێك داوای کردم منیش وەك رەدێکی توونद بۆ هاوسەرەکەم شووم بە پیاوەکە کرد کە دوو ژنی تری هەبوو. پاش ژیانێکی کولەمەرگی لەگەڵ ئەویشدا هەرچۆنێك بوو رازی بووم، دوای دووساڵ لەگەڵ ئەویش پیاوەکەم ژنێکی تریشی هێنا لە ژنی یەکەم جیابووە ، بەڵام بەژنە تازەکەی ژمارەمان سێ بوو ئەو پیاوەش بەردەوام بەدوای هەوس بازی خۆیەوە بوو وەك مافی ژن و مێردایەتی پێداویستەکانمی دابین نەدەکرد. ئەو رۆژەی لە ماڵەوە نەبومایە وامدەزانی لەبەهەشتم و ماڵی خۆم بە بەردەوام قەرەباڵخ بوو لێم ببوو بە دۆزەخ هەرجارێ بەسەردان دەچومە ماڵی باوکم بە سێ مانگ و چوارمانگ پیاوەکەم لێی نەدەپرسیمەوە بۆیە بەناچاری داوای جیابونەوەم کرد پیاوەکەش رازی بوو بەڵام بەومەرجەی داوای هیچ نەکەم.



دوای چەندین دانیشتن لە دادگا دوابڕیاری جیابوونەوەمان تەواوبوو جارێکی تر من بەرەو ماڵی باوکم وئەویش بۆلای دووژنەکەی تری. ئەم جارەش دوای چوارساڵ دانیشتن پیاوێکی تر کە ماوەی هەشت ساڵە لە دەرەوە دەژی و پەنابەری سیاسی هەیە داوام لێ دەکات ببین بە هاوسەر و جانازانم قەدەر ئەم جارە بۆ کوێمان دەبات؟ بۆ خۆشی یان بۆ جارێکی تر هەڵدێران.........؟

## ٢٠

# ژن ودوری

له دەروازەی دەرگای کافتریاکەوە،چاوی به ناو هۆڵەکه دەگێڕا بۆئەوەی شوێنێکی بەتاڵ ببینتەوەلێی دابنیشێت، هیواش هێواش هەنگاوەکانی هەڵێنا لەنزیك مێزەکەی منی لێدانیشتبووم،.. چەندساتێك وەستاوداوایکرد رێگە بدەم دابنیشێت، پاش پشویەکی کورت ، کەوتە پرسیارکردن له قسەکانی دیاربووکه له هەندەران دەژی وبه سەردان گەڕاوەتەوە ، له گفتوگۆکەمان به هۆی ناسینی کەسێکەوەکه پێشتر هاوڕەیەکی خوشەویستم بووە زیاترله یەکتری نزیکبووینەوە وبون به هاوڕێ ، ئەو رۆژە ژمارەی مۆبایلەکانمان گۆڕیەوە ئیدی بەردەوام هەواڵی یەکترمان دەپرسی، دووڕۆژ بەرله گەڕانەوەی بۆ هەندەران له سەرداوای ئەوجارێکیتر بەیەکگەیشتینەوە، بێزاری زۆر خۆی لێره دەربڕی چونکه له سەرەتای هاتەنەوەوی به ئومێدی ئەوەهاتبووەکە ئیدی نەگەڕێتەوە،



ژیان لێره بەسەربەریێ، بەلاَم بەهۆی بونی چەندین کێشەی ژیاری بڕیاری دا بگەرێتەوەوە. سەرەتای ژیانی بەم شێوەیە باس کرد: بەرله ده ساڵ لێره به هۆی خزمێکەوە کەسێکم ناسی که له دەرەوە ژییابوو پاش گۆڕینەوەی بیرو بۆچونەکانمان ،قەناعەتی پێکردم که شوی پێبکەم ئەوساش باوی ئەوە بووەکە ژنان حەزیان به هەندەران دەکردبۆیە هەموو شتێکم بەلاوە نا رێکەوتین .هەرچەندە ئەو زیاتر له ١٤ ساڵ لەمن گەورە تربوو دوای ئەوەی هەموو شتە رسمیەکانمان تەواوکرد له گەڵی رۆیشتم بۆ تورکیا له یەکێك له ئوتێلەکانی شاری ئەدەنه بوین به ژن ومێرد شەوی بۆك وزاوایەتمان لەوێ کردەوە، دوای دووهەفتە مانەوەمان له تورکیا،ئەونەیتوانی من لەگەڵ خوی ببات ناچارمنی لەوێ جێهێشت .وابڕیاربوو دوای دوومانگ بیتەوە وەبەشوێنم بەفەڕمی بمبات بۆهەندەران بەلاَم دوومانگ بووبو دوو بەدووساڵ به ناچاری هەولمْ دا لەوێ کار بکەم وخۆم بژێوی ژیانم دابین بکەم هەرچەندە ناوەناوە هاوکاری دەکردم بەلاَم ئەوهاوکارییە زۆرکەم بوو بەشی کری شۆقەکەمی نەدەکرد ،بەلاَم خۆم له سوپەرمارکێتێك کارم کرد . دوای دووساڵ گەییشتمە هەندەران سالێك بەیەکەوبوین ومنالێکمان بوو.هاوسەرەکەم لەوماوەی بەیەکەو بوین هیچ گۆرانکارێکی بەسەر ژیانی نەهات هەمیشە لەگەڵ هاوریێ کچەکانی رایدەبوارد ،جاری واهەبوو به مانگ نەدەهاتوەوە بۆ ماڵەوە زۆر هەولمْ دا که وازلەو رەفتارانە بێنیت بەلاَم بێسود بوو،زۆرلە خۆم بێزاربووم ژیانم زۆر نا خۆش بووهەرۆژێ ئازاریکم هەبوو، به ناچاری داوای جیابونەوەم لێکرد هەرچەندە ئەو رازی نەبوو بەلاَم من تەواو

بێزاربووم پاش ئەوەی چەندین جاری ترچاوپۆشیم لێکرد بەڵام هەر سودی نەبوو دواجار لە یەکتری جیابوینەتەوە بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی نا ئێستا ئەو لەگەڵ هاوڕێ کچە فارسەکە رۆژدەکاتەوە منیش بەدیار گریانی کچە یەك ساڵەکەم.



## ٢١

# ژن و بەهار

چواروەرزی ساڵ بەدوایهێمنی، لانەیەك بۆ خۆشەویستدا دەگەڕێم تائەوحەزەگەورانەی هەمەلە نێودەلاقەیەکی گچکەی رووەو رووناکییەکیپڕلە عەشق وئەوین هەنگاوەپچڕ پچڕەکانم هەڵێنم، چونکە لەوەتەی هەم ئەو وەرزەم بەخۆوە نەبینیووە کە بتوانم پڕبە گەرووی خۆم بڵێم ئۆخەی یەکەمجار بەسۆزو ئەڤینێکی زۆرەوە لەگەڵ یەکێ ئاشنا بووم کەپێم وابوو ئیدی تەواو دەبێ لەوهەواری عەشقەداچۆڵەوانییێك بۆخۆم ئاوەدان بکەمەوە جارێکی تر روەو چۆڵەوانی هەنگاو هەڵنەهێنمەوە کەچی دوای دووساڵ وچەند ڕۆژێك حسابی من لەگەڵ ئەوتەوا وبووبێئەوەی بزانێ من چی دەڵیم ئەوبەردە نەگریسانەی کەهەموو ڕۆژیسێجار بەیەکیدا دەدان ،دایە

دەستم لەو رۆژەوە ئیتر یەکتری ناناسینەوە،ئەوهەموو یادەوەر
یانەمان سڕییەوە کەپیشتر بەبێ‌خواستی‌من وبەدڵخوازیی ئەو
لەنێودەفتەرێکی کرچ و کاڵدا تۆماردەکران ،من ئە و رۆژەم لەیادە.
چونکە لەوەتەی بەدەفتەری‌ئەو ئاشنابووم رۆژێ نەمدی تەنهادێڕێکی
هەڵەش بسڕیتەوە کەرۆژانە تەنهایەك وشەی راستی لەو دەفتەرەدا
تۆمارنە کرد،ئیدی نەمتوانی لەگەڵ ئەوهەموو وشەو پتانەدا هەڵبکەم
کەرۆژی چەند لەنێویاندا غەرق دەبووم نەمتوانی لەنێولێفەیەك
بمێنەوە کەژێرەوەی پڕبوو لەپیلان وتەنها بۆدامرکانەوەی،حەزێکی
هەڵچووی گەرمی دەکرە ،ئەو شتانەی کەپڕبوون لەبەستەڵەکی
ونبوون بەسەرچوون ،بەدوای خۆشی ژیان بزانم هەموو ئەوکاتانەم
لەبیرچێتەوەکەڕۆژ نەبووپەتی‌سێدارە نەخرێتە ملی حەزەکانم تائەو
بەهارەم دوور لە بیرکردنەوە دۆزییەوە کەیەکتریمان ناسی لە ژوورە
بچووکەکەی تا چەند مانگێك مەست مەست بووم لەنێوباخەڵیا
بێهۆشکەوتم بەخەبەر هاتمەوە کەبەهاری بەیەك کەیشتمان
تەواوببوو ئەوچەند دێڕەی سەرەوە رازی ژنیکی بەدبەختی ئەم
دەفەرەی ئێرەیە لە سەر زمانی خۆی دەڵێ پاش ئەوی لەمێردی
یەکەم بەهۆی کەم عەقڵییەوە جیابوومەوە تەنها یادگاری ئەوکە لە
لامە کوڕێکی چاوکەشی ژیکەڵەیە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ خۆرەتاوا
داوای بابە دەکات باش دانیشتنی .دووساڵ ، بە دیار تەمەنمەوەو
ژیانێکی مەژی‌و مەمرە بڕیارمدا جارێکی ترلەگەڵ پیاویکی‌ژیردا
بژیم کەهەموو ئەوئارەزووانەی هەمە بۆم مەیسەربکات ،بەڵام نەمزانی
ئەویش لەبەهاردا بەهۆی پاشماوەی کیمیا بارانی ساڵی١٩٨٨ی



هەڵەبجە وەك، پیاوی یەکەم کە زستان تەواودەبێ لەهەڵە لەگەل
سەرەتای بە هار دەگەڕێتەوە بۆ هەلەبجە تا بە هار تەواو دەبی
ناگەریتەوە لەم کاتە وە ك شیت وایيە هیچ قسە یەکی لە سەر یەك
نییە وەك شێت هەلسو کە وت دەکات بە یادی ئەم کارە ساتە
هوشی نایتەوە تا ناوەراستی هاوین ، منیش ناچارم ژیانی لە گەل
بەسەربەرم وەك منالٌ خزمەتی کەم بۆییە دەلیم خۆزگە وەرزی
بەهارلە سالٌ دا نەمابا.

## ٢٢

# سیکس و
# خۆشەویستی ژن

ئەوەندە بێزاری پێوە دیار بوو هەر کەسێ ببیینبایە هەستی پێدەکردو ناخی دەخوێندەوە، چەند جارێك زەنگی بۆ هاوڕێ گیانی بەگیانییەکەی لێدا لە بەر کاروباری ئاسایی نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە، بەناچاری کورتەنامەیەکی بۆ دەنارد. بە بەردەوامی هاوڕێکەی باسی هەستی خۆی دەکرد بەرامبەر بەو، هەناسەیەکی قوڵیشی هەڵکێشا، خەفەتی بۆ ژیانی دەخوارد. ئەو ئاهە ساردە وایلێکردم کە زیاتر گوێ بۆ قسەکانی شل بکەم، لە نزیکەوە ئاگاداری وردی ژیانی ئەوم، خوشکەکانی پێش ئەو شویانکرد هەرچەندە لەو بچوکتربوون. ماوەیەکی زۆر لە ماڵی باوکی مابیەوە،



زۆرجار پێیاندەووت کە دەبێ لەم ماڵە پرچەکانت سپی بکەیت؟! ناچیتە ماڵی خۆت. ئەوە ببوە گرێیەك لە ناخیدا، بۆییە بڕیاری دا هەر کەسێ بیتە داوای هەر چۆنیك بێت رازی دەبێت. ئەو شێوەی لە مانگ دەچوو ئەوەندە ناخی پاك بوو. هەمیشە ڕووناکی دەداییە دەوروبەری خۆی، ڕۆژێك لە ڕێگایەکدا بە ڕێگایەکی سودفە لەگەڵ پیاوێك بیروبۆچونەکانیان گۆڕییەوە، هەرچەندە زۆرێك لەو سیفاتانەی لەو پیاوەدا هەبوون بەدڵی نەبوون بەڵام هەمیشە ئەو قسەیەی دەهاتەوە یاد کە پێیاندەوت دەبێ سەری سپی لە ماڵی باوکت بهۆنیتەوە، بۆیە بەهەموو شتێکی پیاوەکە ڕازی بوو. ژیانی ئەو لێرەوە گۆڕانی بەسەردا هاتو ئەو بۆچونەشی بەتاڵ کردەوە کە پێیاندەوت دەبێ پرچت سپی بکەیت.

لە یەکەم ڕۆژی ژیانی لەگەڵ ئەو پیاوەدا، هەستی کرد کە ئەمە دۆزەخێکە دەربازبوونی زۆر گرانە بەڵام هەموو شتێکی قبوڵ کرد تەنها لە بەرئەوەی کە مرۆڤ شایانی گۆڕانە ئەو گۆڕانەش هەر ڕووی نەدا، ژیان لەگەڵ پیاوێك کە هەمیشە مەستە. شەوان بۆ چەند کاژمێرێك خۆی دەکردەوە بە ماڵدا وەك مردوو وابوو، تەخت لێی دەخەوت بەبێ ئەوەی ڕۆژێ سۆزو خوشەویستێکی پێببەخشێت. هەرجارێ دەیویست حەزی خۆی بەتاڵ دەکردەوە، بەبێئەوەی گوێ بۆ حەزەکانی ئەو بگرێت. هەر بە حەزەکانی ئەو، منداڵێکی هێناییە دونیا. ئومێدێکی زۆری هەبوو کە ئەو منداڵە ببیتە سیمبولی خۆشەویستی نێوانیان، ئەفسوس ئەویش سودی نەبوو. ناچار لە هەموو مافەکانی خۆی خۆش بوو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ژیانێکی تازە

دروست بکات، هەر واش بوو لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەر یەکەیان بۆ ماڵی باوکی خۆیان گەڕانەوە. پاش چەندین مانگ چاوەڕێ کردن، لەگەڵ کەسێکیتر بیروبۆچونیان گۆڕییەوەو پەیوەندیەکی زۆری خوشەویستی لە نێوانیان دروست بوو، ئەو خۆشەویستییەش ببوە هەوێنی ژیانێکی تازەی هاوسەری. هەرچەندە هاوسەرە تازەکەی هەموو شتێکی ژیانی ئێمەی دەزانی، زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە ببن بە هاوسەری بەڵام لە دوای ساڵێك پیاوەکە ئەو سۆزو خۆشەویستییەی جارانی نەما. هەندێ وشەی ناشرین بەکاردەهێنێت کە ئەو هەرگیز لە ئەو نەدەوەشاییەوە، هەردووکیان حەزیان دەکرد منداڵیان هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە چرای ماڵەکەیان‌و ئەو خۆشەویستیەی نێوانیان زیاتر بێت. هەر چاوەڕوانن ئەو ئاواتەیان بێتەدی، ئەو چاوەڕوانییە گومانی لە لای پیاوەکەی دروست بوو کە ژنەکە دەیوت هاوڕێکەم منداڵی نابێت، بۆیە کەوتنە بەهانە گرتن لەیەکترو ڕۆژانە قسەی سوك‌و ناشرین جێگای قسە خۆشەکانی گرتەوە.



## ٢٣

# جوانی و ژن

لەبەرخۆری هەتاو چاوەکانی هەڵنەدەهات، ناچار چاویلکە رەشەکەی کردەوە چاوی، بەدەم ڕێکردنەوە بەسەرهاتی خۆی بە چەند وشەیەکی کورت باس کردو داوای لێکردم بۆ چەند ساتێك هاوڕێ بم‌و گوێ لە ڕازی دڵی بگرم، لە قسەکانی سەرەتاوە هەستم پێکرد ناخی برینداره، پێویستی بە کەسێك هەیە بۆی تیمار بکات. ئەگەر بە چەند وشەیەکی ئاسایش بێت. وتەکانی بووە جێگای سەرنجم‌و بەرەو بەسەرهاتەکەی کێشی کردم. زیاتر لە (١٠) دە ساڵ دەبێت بەهۆی پەیوەندی خۆشەویستیمەوە چوومەتە نێو ژیانی هاوسەرێتی، لەسەرەتاوە ژیانمان هەمیشە شادی بوو، لەگەڵ

تێپەڕینی رۆژگار هەستم دەكرد ئەو خۆشەویستییەی سەرەتا بەرەو كاڵ بوونەوە دەچێت، هەرواش بوو رۆژ بە رۆژ خۆشەویستی نێوانمان بۆشایی زیاتری لە ژیانماندا دروست دەكردو هاوسەرەكەم بەهۆی پابەندبوونی بە شێوەیەكی زۆر بە ئایینەوە، زیاتر لە جاران چاوی لەسەرم بوو، تەنانەت كە جلیشم دەپۆشی دەبوایە بە دڵی ئەو بوایە. نەدەبوو رۆژانە لەكاتی تەواوبوونی دەوامی ئاسایی دوابكەوتمایە، رۆژگار تێپەڕیو خۆشەویستی نێوانمان تا دەكات بەرەو كەمبوونەوە دەچوو، بەتایبەتی لەلای هاوسەرەكەم. هەستم بە دڵپیسییەكی زۆر دەكرد لە بەرامبەر ئەوەی كە بە گومانەوە تێی دەڕوانیم، بەهۆی بەرچاوبوونی ڕووخسارم، رۆژانە چەندین كەس لە شەقامو ڕێگاكان نیگای چاوەكانیان لەسەر هەڵنەدەگرتم. ناچار كە بە ڕێگادا دەڕۆیشتم هەمیشە سەرم دادەخست، لەگەڵ ڕەتبوونی زەمەنو پتەوبوونی پەیوەندی نێوان منو هاوڕێكانم بەتایبەتی كچو ژنەكانی جێگای كاركردنم، هەست بە دڵنیاییەكی زۆر دەكردو بەختەوەر بووم، چونكە وا هەستم دەكرد كە ئەوان بەشێكن لە منو هەمووكاتێ كێشەو ناخی دڵی خۆمم بۆ باس دەكردن، هەستم بە ئاسودەییەكی لە ڕادەبەدەر دەكرد. ژیان لەگەڵ ئەوان خۆش بوو، ئەو كاتانەی لەگەڵیاندا بووم خێرا تێدەپەڕین، بەڵام بە پێچەوانەوە كاتەكانی ژیانیماڵەوەمان هەر تەواو نەدەبوون. لە جێگای كارەكەم ئەو كوڕەی كە چاوەكانی وەك هاوێنە هەمیشە لەسەرم بوو، بەهۆی سادەییو پاكی خۆمو هەڵسوكەوتی ئاسایی ئەو بە جۆرێكی تر



هەڵسو كەوتی دەكرد. بە ناچاری خۆشەویستەكانم لەوێ جێهێشت بۆ ئەوەی ژیانی ئاسایم لێتێك نەچێت. هێلانەی ژیانم وێران نەبێت.. پاش تێپەڕبوونی سێ هەفتە، ئەو كوڕە ژیانی هەراسان كردووم، رۆژانە چەندینجار كورتەنامەو نوكە بۆ هاوسەرەكەم دەكرێ. هەرچی قسەی كە لەگەڵ داب‌ونەریتی ئێمە ناگونجێت، بۆی دەنوسێت. تەنها لە شەوورۆژێكدا زیاتر لە (٣٨٩)جار نوكە كراوە، بەبێ ئەوەی كە نوقەیەكی لەدەم بێتەدەر. ژیانم بە تەواوەتی ناخۆش بووە، هەست بە بێزارییەكی زۆر دەكەم، لەناو گێژاوێكی بێهاوتا رۆژانە ژیانم دەگوزەرێنم.. هاوسەرەكەم زۆر لەجاران زیاتر گومانم لێدەكات. نازانم ئەمە خۆشەویستییە یان تیرۆركردنی ژینو ژیانی منە...

## ٢٤

# ژن و خیانەت

بە عەلاگەیەکی رەشەوە چەندجارێك بەم ناوەدا گوزەری دەکرد، چاوی بۆئەملاو ئەولا دەگێڕا، هەر ئۆتۆمبێلێك لەوێ گوزەری کردبا زۆر بەوردی سەیری دەکرد، پاش وەستانێك لە پاڵ دیوارێك دەستی برد بۆ ناو عەلاگە رەشەکەو دەسکی تەلەفۆنێکی دەرهێناو نای بەژێر گوێچکەیەوە، چەندجارێك بە دەنگێکی نزمەوە هەلەو... هەلەو.. دیاربوو ژمارەی مەبەست وەڵامی نەدەدایەوە، دواتر خستییەوە ناو عەلاگەکەو مۆبایلەکەی گیرفانی دەرهێناو بەدوای ناوێکدا گەڕا کە لەنێو مۆبایلەکەی تۆمار کرابوو، نای بە گوێچکەیەوە. پاش چەند چرکەیەك بە تووڕەییەوە جوێنێکی فڕێ دا، لە دوورە سەیری کرد دیمەنەکانی ڕووداوەکە سەرنجی ڕاکێشام، هەرچۆنێك بوو خۆم لێی



نزیك کردەوەو ویستم قسەی لەگەڵ بکەم بەڵام ئەو ئامادە نەبوو تەنانەت دەیویست من نەزانم ئەو ئامێرە تەلەفۆنەی ناو عەلاگەکە میدیا تیلیکۆمە، لەو قسانەدابووین زەنگی میدیاکە لێی داو ئاشکرا بوو کە تەلەفۆنە پێیەتی، بە خەندەیەکەوە وتم ئەمە چییە؟ بە تووڕەییەوە سەیری کردم... بەلاتەوە سەیرە، بەلای منیشەوە هەر سەیرە، بەڵام ناچارم وابکەم چونکە هاوسەرە درۆزنەکەم بەردەوام درۆم لەگەڵدا دەکات کە تەلەفۆنی بۆ دەکەم، دەڵێم لەکوێی؟ ناوی شوێنێکیترم پێدەڵێت. ئەو شوێنەی کە ئێستا لێی وەستاوم، بە قسەی هاوسەرەکەم بێ دەبێ لێرە بێت. کەچی دیار نییە، منیش میدیاکەم بۆ ئەوە هێناوە لەماڵەوە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئاشکرای بکەم، چونکە واهەست دەکەم پەیوەندی لەگەڵ ژنێکیتردا هەیەو ئێستا لە ماڵی ئەودا بێت، ئێستا بەرەو ماڵی ئەوان بەڕێ دەکەوم، پاش ئەوەی لایلۆنەکەی پێچایەوەو بێ ئەوەی ماڵئاوایی بکات بەرەو خوارەوە ڕۆیشت، جارناجاریش ئاوڕی لەدوای خۆی دەدایەوە.

ئەو ڕووداوە سەرنجی زۆر ڕاکێشام، بڕیارم دا بەدوایدا بچم بزانم ئەنجامەکەی چی دەبێت، بەبێ ئەوەی هەست بکات بەدوایدا ڕۆیشتم کە نزیك بۆوە لە شوێنی مەبەست، ئۆتۆمبێلێك لەبەردەم ماڵێکدا وەستا بوو، لێی نزیك بۆوە سەیرێکی ناوەوەی کردو پاشان هاتەدواوە سەیری ژمارەکەی کرد، خێرا میدیا تیلیکۆمەکەی دەرهێنا، ژمارەی هاوسەرەکەی لێیدا، *هەلەو..هەلەو.. لەکوێی...؟

–بەڵێ لە دەوامم کارت هەبوو؟

ژنەکە دەمارەکانی گرژ بوون و ڕەنگی دەموچاوی ڕەش هەڵگەڕاو وتی:

*باشە ئەی سەیارەکە لە کوێیە؟

-ئەم پرسیارە چییە؟ ئەوە لەبەردەرگای دائیرەیە...

*باشە!

لەپڕدا بەتوڕەییەوە خۆی کرد بە دەرگای ماڵەکەدا، ژنێک هاتەدەرەوەو بە دەنگی بەرز بە ژنی ماڵەکەی وت: ئەوە بۆ واز لە هاوسەرەکەم ناهێنی.. لە دەنگەدەنگی هەردووکیان هاوسەرەکەی هاتەدەرەوە، لە شەرمان ڕەنگی سورهەڵگەڕاو و زمانی تەتەڵەی دەکرد، بەتوڕەییەوە دەستی بۆ ئۆتۆمبێلەکەی ڕاکێشاو بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشتنەوە...



## ٢٥

# ژن ومەلا

بەدەنگێکی نزمەوە.. شەرم قوڕگی گرتبوو نەیدەتوانی قسە بکات، چەند جارێك لە ئاست مامۆستا سەری بەرزکرد ، بەشەرمەوە سەری داخستەوە بەوردییەوە گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو، ئەو وتانەی گوێی لێدەبوو بەلایەوە سەیر بوو، چونکە یەکەم جاربوو گوێی لەم وتانە بێ لە کەسێکی وا، بۆیە هەر وا هەستی دەکرد کە خەونە ، بە پێچوپەنا قسەکانی دەکرد و نەیدەزانی چۆن پێی بڵێ ، بۆیە چەندین چیرۆکی لەو سەری دنیا بۆ ئەو سەری دنیا ئەهێنایەوە، ئەو هەستی دەکرد کە ئەیەوێ شێتێ بڵێ بەڵام نەیدەزانی چۆن بیڵێ.

شەرم هەموو گیانمی تەنیبوو حەزم دەکرد بڕۆم ناوە هەناسەم سوار دەبوو، خۆم بۆ نەگیرا هەستامە سەر پێ ئەویش لەگەڵ من هەستا بەخێراییەکی زۆرەوە، هەستم کرد پەشۆکاوە، داوایکرد بەجێی نەهێڵم، دەستم برد بۆ پەرداخێك ئاو بۆ ئەوەی کەمێك هەناوم فێنك کەمەوە، پاش یەك کاتژمێر قسەکردن هیچ شتێکی راستەخۆ بۆ نەدرکاندم...

کە رۆیشتمەوە قسەکانی ئەوم لەبەر گوێم دەزرنگایەوە وهەمیشە بیرم لێ دەکردەوە، ئەو شەوە تا بەیانی بۆ چەند چرکەیەك خەون نەچووە چاوەکانم. تا رۆژێکی نوێ بووەوە وەکو رۆژانی تر بەرەو دەوام رۆیشتمەوە، چاوەکانم خەواڵوو بوو هاوڕێکانم هەستیان کرد کە من نەخەوتوووم بەڵام لەرویان نەداوم باسی بکەن. بەر لەوەی کاتژمێر ببێتە دوانزەی نیوەڕۆ زەنگی تەلەفون لێدرا و ژمارەکەم نەناسی و وەڵامم نەدایەوە پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێك دووبارە زەنگ لێ درایەوە دیسان هەمان ژمارەی پێشو بوو ناچار وەڵامم دایەوە. پاش هەواڵ پرسین پێی وتم لەقسەکانی دوێنێم گەیشتی مەبەستم چی بوو؟...نا.. نازانم باشە حەز دەکەی راستەوخۆ پێت بڵێم...ئەی بۆ نا بەدەنگێکی نزمەوە وەك بڵێی کەسێك لەنزیکەوەیە: دەمەوێ بە شەریعەتی ئیسلام ببین بە ژن ومێرد، لەگەڵ بیستنی ئەم قسانەی مێشکم ژاوەژاوی تێکەوت وبێ دەنگ بووم وهیچم بۆ نەوترا، پاش چەند چرکەیەك بێ دەنگی

داوای کرد رای خۆم بڵێم، توڕەبوونێك دایگرتم وپێم وت مامۆستا تۆ پێشەوای موسوڵمانانی کچ وکوڕت بە ژن وبەشوون سێ هێندەی من



تەمەنت هەیە و من بەکچی تۆ دەبم ،چۆن ئەم داوایەم لێ دەکەی مامۆستا کەوتەوە قسەکردن : ئیسلام رێگای داوە تا چوار ژن حەڵاڵە بۆ پیاو لە ڕوم نەدەهات تەلەفونەکە داخەمەوە، ناچار وتوم ئەمە نازەی .کچتە ئەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات.

٢٦

# پیكێك و ژن

هێمنێكـی كـپ بـاڵی بەسـەر تـەواوی كافتریاكـەداگرتبوو..هـەموو ئەوانـەی لـەوێ بـوون هەریەكـەیان بـە خەیالێكـەوە پێكـی خۆشـیان ئەنۆشـی ..دوكـەڵی جگـەرە لـە شـێوەی پێچە لولی نەرمـە بایـەك لـە چـــەنجەرە بـــچوكەكەی لای چـــەپی كافتریاكـــە دەچـــووە دەروە. كارەئەكتـەرەكانی ئـەوێ لـە سوچێكی لاچـەپەوە بـەدم پێكـەنینێكی هێمنـەوە كاتیـان بەسـەر دەبـرد...ئـەوێ تـەنها كافتریـابوو ئەوانـەی هامووشـۆی ئـەویان دەكـرد بـە خێزانـی ئـەهاتن ......زوربـەی ئـەو كاتانەی ئەهاتن زیاتر لە دوا نیوەڕۆیان .. جارجاریش بەیانیانیش تاك و تەرا كچ وكور بەدیدەكران.



ئەو ئیوارەی كە وردە بارانێكی نەرم.. نەرم بەسەر ئاسمانی شاردا رێزی گرتبوو . لە گەڵ میوانێك كە یەكەم جاربوودووای بیست ساڵ لـە هەنـدەران دەهاتـەوە بۆبەسـەر بردنـی كـاتێكی ئـارام ، رومـان لـە كافتریاكە كردبوو، كە چوینە ژورەوە هاورێكەم سەرسام بوو بەوەی كە یەكەم جاربوو ژنـی ئـەبینی لەسـەر مێـزی خواردنـەوە.بۆیـە حـەزی ئەكرد بەردەوام چاو بە ناو كافتریاكە دا بگێرێت. پاش دانیشتنیكی كورت ... ئەو ژنەی كە پێشتر هاوسەری هاورێ رۆژنامونووسـەكەم بوو بەرەو رومان هاتوو پاش هـەوال پرسینێكی گـەرم كەماوەیـەكی زۆر بوو بێسوراخی بوو . داوام لێكرد كـە بۆ چـەند سـاتێك لـە لامـان دابنیشێ .. بە خەندەیكەو...ئێوە ئەخۆنـەوە ...مـن ناخۆمـەوە .دوای دەستی بۆ گیرفانەكـەی بردوو جگـەرەیكی دەرهێنـاو داوای لێكـردین كە بەشداربین لە كێشانی جگەرە .. هاورێكەم داوای لێبوردنی كرد ، منـیش لەبـەر دڵی ئـەو لـێم وەرگـرت.بـەدەم مـژی جگـەرەوە سـۆراخی هاورێ نووسەرەكەم لێ پرسی كە پێشتر هاوسەری ئەو بوو..بەر لە وەلامدانـەوەم. دەسـتی بـۆ پەرداخەكـەی بـەردەمی بـردوو ..پێكێكـی تێكرد و هەڵیدا... كەوتە ئاخافتن : ئـەو مـاوەی كـە مـن لەگـەڵ ئـەو پیاوە بووم تووشی چەندین نەخۆشی هاوشێوەی سیل بووم ئەوەندە ئازارم بە دەستیەوە كێشا هـەموو ژیانی ئـەو هـەموو خواردنـەوە بوو ٢٤ كـاژێر مەسـت وسـەرخۆش بـوو شـەوان بـەردەوام ئـەی خـواردەوە تادرەنگانێـــك نـــە دەهاتـــەوە هـــەموو شـــەوێكاژێر، یـــەك ودووی نەدەهاتـەوە لـە نـادی كـە دەشـهاتەو یـەك بتڵ ئـارقی لـە گـەڵ خـوی دەهێنـاوە تـا دە نووسـت دەیخـواردەوە...ئـەو دووسـاڵەی لـە گـەڵی

دابووم زۆر هەوڵم دا بیگۆڕم بۆم نەکرا بەلکو ئەو منی فێری جگەرە خواردن وخواردنەوەکرد ،ئێستا منیش وەکو ئەوم لێهاتووە ،پاش جیابونەوەشمان ئەوندەی تر خەم بووە هاوڕێ هەمیشەیم بۆیە زیاتر پەنام بۆ خواردنەوە هێنا،ئەگەر وازی لێبێنم دڵنیام لە ماوەیەکی کورت کۆتایی بەژیانم دێت. ناچارم رۆژانە بە دزیەوە بخۆمەوە..

ئیستا زۆر حەز دەکەم جارێکیتر بگەرێمەوە بۆ ژیانە سادەو ساکاریەکەی خۆم خۆزگە هەر قەیرە کچ بومایە تووشی ئەو ژیان بێ ئومیدە نەبومایە تۆبڵێ کەسی تر هەبێت وەك من سەرگەردان و بێ هیوا بێت لە ژیان. تەمەنا دەکەم رۆژێ ژەهر لە گەڵ پێکێك هەڵدەم.



**سوپاس وخۆشەویستیم بۆ:**

- **بزاڤی رۆشنبیری سلێمانی**
- **سەرنووسەرو ستافی هەفتەنامەی ژیانەوە**
- **هاوڕێ ئازیزم فارس نەوڕۆڵی**
- **مامۆستا خەندە کەمال**
- **هاوپیشەم ڤیان عومەر**
- **مامۆستا نەوزاد سالح**